گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة ڕابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
https://doi.org/10.26750/skcfek21
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 02/04/2024
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 09/07/2024
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/12/2025

# شه پۆله كانی وەرگۆڕانی دیموكراسی له سیستەمی دەستوری عێراقدا

**قادر اوتمان ڕەسوڵ[١] - محمد صابر کەریم[٢]**
qadir.watman@gmail.com - qadir.watman@gmail.com
[١+٢] پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**
ڕێکخستنەوەی پەیوەندی نێوان هاووڵاتیان و پێڕەوی حکومڕانی لەو دەوڵەتانەی، کە دەیان ساڵە بە سیستەمی دیکتاتۆری بەڕێوەدەچن، پرۆسەیەکی زۆر قورسە و پێویستی بە دروستکردنی ژینگەیەکی لەبار هەیە. لەلایەکی تریشەوە میکانیزم و ڕێکاری تایبەتی خۆی هەیە، کە تەنها بە بونی هەندێک ڕەگەز و توخمەکانی دیموکراسی بەدینایەت. ئەوەی پرۆسەی گۆڕینی دیموکراسی ئاڵۆزتر دەکات، زاڵبونی سروشت و تایبەتمەندی نەرێنی نەخوازراو لە واقیعی دەوڵەت و کۆمەڵگا سیاسیەکەیدا. نمونەی لاوازی کولتوری دیموکراسی، ئەزمونی فرەیی سیاسی و جێبەجێکردنی تایبەتمەندیی خێڵەکی. لێرەوە واقیعی سیاسی دەوڵەتی عێراق لە دواى ٢٠٠٣؛ تارادەیەکی زۆر واقیعێکە کە سروشتی هەژمونخوازی زاڵە بەسەریدا. **دوای** نزیکەی چوار دەیە لە هەژمونی چەند سیستەمێکی سیاسی دیکتاتۆری کە دەستورەکانیان مادە و بڕگەی نادیموکراتی یان لە ڕواڵەتدا لە باشترین حاڵەتدا پرەنسیپی دیموکراتی حوکمڕانی لەخۆگرتبو و لەسەر زەمینە پەیڕەوی لە شێوازی دیکتاتۆری دەستەڵاتدا دەکرد لە بەرفراوانترین دەرکەوتندا لەگەڵ زۆرترین دیمەندا. ئەم واقیعە لە سیستەمی حوکمڕانیدا، لە ساڵی ٢٠٠٣ دوای ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی نێودەوڵەتی تەواودەبێت. ڕێکخستنەوەی ژیانی سیاسی لەم دەوڵەتەدا؛ یەکێک دەبێت لە گرنگترین پرسەکانی پرۆسەی سیاسی نوێی دوای دیکتاتۆرییەت. بەم شێوەیە پرۆسەی گواستنەوەی دیموکراسی لە دەوڵەتێکدا کە قۆناغی دیکتاتۆری کۆتاییهاتوە و بناغەکانی قۆناغی دوای دیکتاتۆرییەت ئامانجی سەرەکی دەستوری نوێ دەبێت، یەکێکە لەو پرسە گرنگانەی کە ڕوبەڕوی عێراقی دوای ٢٠٠٣ دەبێتەوە.

**کلیلە وشەکان**: دەستور، دیموکراسی، سیاسی، دیکتاتۆر

# The Change of Democracy in Iraq

**Qadr Watman Rasull[1] Muhamed Sabr Karim[2]**

[1+2] International Relations, College of Political Sciences, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

Re-establishing relations between citizens and governing in states that have been governed by dictatorship for decades is a very difficult process and requires the creation of a favorable environment. On the other hand ,،it has its own mechanism and procedures ,،which cannot be achieved by the existence of certain elements of democracy ,،which complicates the process of democratic change ،the dominance of nature and undesirable negative characteristics in the reality of the state and its political society. Examples of the weakness of cultural democracy ،the experience of political pluralism and the implementation of tribal characteristics. From here, the political reality of the Rwpublic of Iraq after 2003 is largely a reality dominated by the nature of hegemony. After nearly four decades of domination of several dictatorial political systems whose constitutions contained non-democratic articles and paragraphs or at best the democratic principles of governance and followed the dictatorial form of power on the ground in the most widespread manifestations with the most extreme views. This reality in the governing system will be completed in 2003 after an international military operation. The reorganization of political life in this country will be one of the most important issues of the new post-dictatorship political process.

**key word***:* Democracy, Political, Dictator, Constitution.

## پێشەکی:

جەوهەر و سترەکتۆری دەوڵەتی عێراق کە لە ساڵی (١٩٢١)ەوە دروستبوە، بەرەو ڕوی کۆمەڵێك گرفت و کێشەی بنچینەیی هاتوە ئەو کێشە و گرفتانە ڕوی لەئاڵۆزی و بنبەستبون کردوە، هەرچەندە ماوەی سیستەمی پادشایەتی خاوەن دەستورێکی مۆرك لیبراڵیانە بوە، بەڵام ژیانی ڕامیاری لەو ماوەیەدا ئارامی و جێگیری زۆری بەخۆوە نەدیتوە، بەڵکو پەشێوی و گرژییەکان بەردەوامبون و هەندێکجار گەیشتونەتە ئاستی مەترسیدار، هەرچەندە هۆکاری سەرەکی ئەوە لە بنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی سیستەمە ڕامیارییەکە بە گشتی و سیستەمی فەرمانڕەواییە باڵادەستەکەی بە تایبەتی، کە بنەما و پێودانگە دیموکراتییەکانی لەخزمەت نێوەڕۆکی دیموکراتیانەی فەرمانڕەوایدا کاردەستنەکردوە، بۆنمونە لە دەستوری

دامەزرێنەردا یەك لە پرس و کێشە سەرەکی و بنچینەیەکانی ئەم دەوڵەتە (کێشەی کورد) هیچ ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆی پێنەدراوە و وەك کێشە و گرفتێکی گرنگ و سەرەکی ئەم دەوڵەتە هەژمارنەکراوە، هەمان شتیش سەبارەت بە پرس و گرفتگەلێکی بنچینەیی تری ئەم دەوڵەتە، بەتایبەتیش پرسی بەشداری ڕامیاری کە یەك لە پرسە گرنگ و جەوهەرییەکانی دیاردەی دیموکراتییە. ماوەی سیستەمی کۆماریش بەجیابەندی لەکۆماری یەکەم (ماوەی قاسمی)، کە باشبون و بەرەوپێشچونێکی بەخۆوە بینیوە، هەم لەسەر ئاستی کێشەی کورد کە لەدەستوری کاتی کۆماری یەکەمدا دانپێدانانی ئاشکرا بە بونی گەلی کورد وەك نەتەوەیەکی سەرەکی لە عێراقدا هاتۆتە تۆمارکردن و چەسپاندنەوە وەك مافێکی دەستوری، هەروەها پرسگەلێکی تری دیموکراتیانە وەك ئازادییە ڕامیارییەکان بەرەوپێشچونیان بەخۆوەبینیوە. ئیتر تەواوی ماوەی دوای کۆماری یەکەم تا ڕوخانی ڕژیمی بەعس، بنەما و پێودانگە دیموکراتییەکان لەژیانی ڕامیاری ئەم دەوڵەتەدا بەشێوەیەکی زۆر گەورە و دیار هاتونەتە پەراوێزخستن.

لەسەر ئەو ڕاستیانەی سەرەوە بەدیهاتنی گەورە و بەرچاوی بنەما و پێودانگە دیموکراتییەکان لە سیستەمی ڕامیاری نوێی عێراقی دوای (٢٠٠٣) دا بوەتە یەك لە پرس و بابەتە گرنگ و داینامیکییەکانی ژیانی دەستوری لەم دەوڵەتەدا، لێرەوەیە کە پرۆسەی وەرگۆڕینی دیموکراتیانە لە قۆناغی دیکتاتۆرییەوە بۆ قۆناغی پۆست دیکتاتۆری پرۆسەیەکی زۆر هەستیار و داینامیکییە لە ژیانی ڕامیاری هاوچەرخی ئەم دەوڵەتەدا و لە بارێکدا گەر بەسەرکەوتویی ئەو پرۆسەی وەرگۆڕینە تەواوبێت و بگاتە بەدیهێنانی لانی زۆری ئامانجەکانی ئەوا دەبێتە دەستکەوتێکی گەورە و گرنگی دیاردەی ڕامیاری و بەتایبەتیش یەك لە فۆرمە بنچینەیی و جێبایەخەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی، کە دیموکراتیەتە.

بەمشێوەیە ڕۆڵی سەرەکی دەستوری هەمیشەیی لەوەدایە، کە توانیبێتی پرس و کێشە گرنگەکانی پەیوەند بە دیاردەی دیموکراتی لە قۆناغی هاوچەرخی ئەم دەوڵەتەدا لە خۆدا بەرجەستەکردبێت، لەوانەش پرسی مافی تەواوەتی پێکهاتەکان لە بەشداریکردنی لە پرۆسەی بڕیاردانی ڕامیاری و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا، هەروەها بەهرەمەندبونی توێژ و چینە جیاجیاکان لەوانەش توێژی مێینە لە ماف و ئازادیە بنچینەییەکانیان و بەشداریکردنی هەر تاکێکی کۆمەڵگە لە ژیانی ڕامیاری و دامەزراوە بنچینەییەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و...هتد. لێرەدا ئەرکی سەرەکی دەستوری هەمیشەییە کە پایە و کۆڵەکە سەرەکیەکانی سیستەمێکی ڕامیاری دیموکراتیانە لەعێراقدا فۆرمۆڵە و خشتبەند بکات، دیارە بە هێندەی پێویستبونی بەدیهاتنی ئەو ڕۆڵە دەستورییە پێویستە جەمسەرەکانی هێز (پارت و هێزە ڕامیارییەکان) زەمینەسازکەری و هێنانەئارای ئەکتیڤانەی هەلومەرجە پێویستەکانی پراکتیککردنی ئەو خاڵ و بەندانەی دەستوری هەمیشەیی بن کە بەدیهێنەری لانی زۆری ئامانج و دروشمەکانی پرۆسەی وەرگۆڕینە بەرەو سیستەمێکی دیموکراتیانەی کارا و ئەکتیڤ لە واقیعی ژیانی ڕامیاری ئەم دەوڵەتەدا.

**کێشەی توێژینەوەکە:**

لە دەستوری (١٩٢٥) و پەیوەندی مادده و بڕگەکانی ئەم دەستورە بە دیموکراسییەوە، چەندین ڕوخساری دیموکراسیی خۆی بەرجەستە دەکات، کە هەم لەڕوی دارشتنەوە هاوسەنگی یاسایی تێدا پارێزراوە و هەمیش ڕۆحێکی دیموکراسیی لەخۆیگرتوە کە پارێزگاریکردنە لە ماف و ئازادییەکانی تاك، جەوهەری کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی کە هەر تەنها بون و بەرجەستەکردنێکی تەواوەتیانەی پرەنسیپ و بەها دیموکراتییەکان لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا، ئایا تاچەند دامەزراوەکانی فەرمانڕەوایەتیکردن لە عێراقی پۆست دیکتاتۆریدا بە دیموکراتیزەکراون بەجۆرێك کە ڕێگەخۆشکەر و پاڵپشتیکەری ڕاستەوخۆ و بەهێزی جێبەجێبونی مادە و بڕگە سەرەکییە پەیوەندارەکانی پرۆسەی وەرگۆڕینی دیموکراتی بن تیایدا کە لە دەستوری ٢٠٠٥ چەسپێندراون؟

**بایەخی توێژینەوەکە:**

بایەخ و گرنگی توێژینەوەکە لە چەند ئاستێکدا خۆی دەبینێتەوە کە گرنگترین ڕەهەندەکانی ئەو بایەخە ئەکادیمیە خۆی لەوەدا بەرجەستە ئەکات: کە لە عیراق پۆست دیکتاتۆریەتدا هەندێك لە بنەما و پرەنسیپە دیموکراسیەکانی وەك دیاریکردنی سروشتی سیستەمە سیاسییەکەی و سنوری دەسەڵاتەکانی (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری) بەپێی دەستوری هەمیشەیی عێراق یەکلاییکراوەتەوە، دەستوری ۲۰۰۵ لە زۆر بنەمادا پایەکانی سیستەمێکی دیموکراسی پاراستوە.

**میتۆدی توێژینەوە:**

بۆ ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی پێویستی بە پلان دارشتن و نەخشەرێگایەکی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆ گەیشتن بە ئامانجێك پێویستی بە رێبازی زانستی هەیە، توێژەر لە رێبازی توێژنەوەکەیدا پێناسەی هەر یەك لە زاراوەو میتۆد و دەستەواژەی زانستی کردوە، میتۆدی بەوە ناساندوە کە بریتییە "لە کۆمەڵێك بنەما، توێژەر لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکەیدا دەیگرێتەبەر یان ئەو رێگایە بە هۆیەوە دەتوانرێت ڕاستییەکانی تێدا بدۆزرێتەوە، دەستەواژەی میتۆد خۆی لەخۆیدا نەخشەڕێگایەکە یان ئەو رێبازەیە کە توێژەر لە هەر توێژینەوەیەکدا دەیگرێتەبەر"پێناسەی توێژینەوەشی بە وەکردوە کە بریتییە "لە گەڕان بە شوێن شتی داواکراودا، یان بە مانای پشکنین دێت بەدوای بابەتێکی داواکراودا".

لە پێناسەی دەستەواژەی زانستیدا بریتییە (لە زانستێکی سەلمێنراو وتە ڕوانین و هەستکردن بە ڕاستییەکان یان بریتییە لە یاسا ئەو بنەمایەی کە تەحەکوم بەو هەوڵە دەکات لە بواری توێژینەوەی زاستی یان هەر بوارێکی تردا، چەندین بنەمای تری بۆ توێژینەوە و دەستەواژەی زانستی کردوە.

لەم توێژینەوەیەدا بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیاری سەرەکی و پرسیاری تر پشتمان بە زیاتر لە میتۆدێك بەستوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. میتودی مێژویی: بۆ زانین و دەرخستەکردنی لە مێژوی سەرهەڵدانو دارشتنی بەڵگەنامەی دەستوری لە عێراق و وەدەستخستنی زانیاری بابەتیانە لە واقیعی کاریگەری ئەو بەڵگەنامانە لەژیانی ڕامیاری و سیستەمی ڕامیاری ئەم وڵاتەدا.

٢. میتۆدی شیکاریی سیستەمی بۆ ناساندن و شیکردنەوە یەکە و دامەزراوە ڕامیارییە سەرەکییەکانی سیستەمە ڕامیارییەکانی دەوڵەتی عێراق و سیستەمەکانی فەرمانڕەواییان.

٣. میتۆدی دامەزراوەیی یاسایی بۆ زانینی ئەوەی تاچەند دارشتنی مادە و برگەکانی دەستوری هەمیشەیی عێراق ڕەنگدەرەوەی خواست و پێداویستیەکانی دەستورێکی دیموکراتی هاوچەرخن و هەروەها وەڵامدەرەوەی واقیعی کۆمەڵگەیی عێراقی دوای نەمانی سیستەمی دیکتاتۆرین.

**ئامانجی توێژینەوە:**

توێژەر هەوڵدەدات لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەوە ئەم ئامانجانە خوارەوە بەدیبهێنێت، ئەم توێژینەوەیە چەند ئامانجێک لەخۆدەگرێت، کە گرنگترینیان بریتییە لە لێکدانەوە وتوێژینەوە لە:

١. بایەخی دەستوری هەمیشەیی عێراق لە دیاریکردنی کۆڵەکەکانی سیستەمی ڕامیاری و سیاسی.

٢. ئامادەکردنی قۆناغبەندییەکانی نوسینەوەی دەستوری عیراق

٣.کاریگەریو بایەخی دەستوری هەمیشەیی لەسەر داهاتوی عێراق.

٤- گۆڕینی دیموکراسی لەسیستەمی دەستوری عیراق لە نێوان ساڵانی(١٩٢٥-١٩٦٣)

**گریمانەی توێژینەوە:**

دەستوری بنەڕەتی عێراق ئەگەرچی لە ڕوکاردا هەندێك بنەمای دیموکراسیی لەخۆیدا جێگەکردبێتەوە، بەڵام کاتێك پرسەکە دێتە سەر جێبەجێکردن و شۆڕکردنەوەی ئەم بنەمایانە بۆ ناو یاساکان نەك کاریگەریی لەسەر پرۆسیسی دیموکراسیی بۆیە نەیتوانیوە ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەری خۆی ببینێت لە بەدیهانی پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسی لەم وڵاتەدا، بەڵکو ئەم پرۆسەیە لەژێر کاریگەری خەسڵەتگەلێکی نادیموکراسیانەدا تارادەیەکی زۆر پەککخراوە و تائێستا نەبۆتە بەرنامە و ئامانجی سەرەکی ڕەوت و ئاراستە ڕامیارییە سەرەکی و کاراکانی ژیانی ڕامیاری لەقۆناغی پۆست دیکیتاتۆرییەتی عێراقی فیدراڵدا.

**گرنگی توێژینەوە**

گرنگی ئەم  توێژینەوە  لەوەدایە کە ڕوناکی دەخاتە سەر پێشکەوتنەکانی سیستەمی دەستوری عێراق لە ماوەیەکی گرنگی مێژوییدا و تێگەیشتنێکی قوڵ لە گواستنەوە سیاسییەکان و فەلسەفە دەستورییەکان لە چوارچێوەی عێراقدا دابین دەکات، کە دەبێتە هۆی گفتوگۆکانی ئێستا لەسەر دیموکراسی و حوکمڕانی یاسایی لە ناوچەکەدا  لەژێر ڕۆشنایی هزری دەستوری هاوچەرخدا. لێرەوە گرنگی ماوەی ساڵانی ١٩٢٥ بۆ ١٩٦٣ لە عێراق بە شەپۆلی دیموکراسیکردن دیاریکرا، کە کاریگەری لەسەر فاکتەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکان هەبو. سەرەڕای پێشکەوتنە دەستورییەکان و هەوڵەکان بۆ دیموکراسیکردن، ئەم هەوڵانە زۆرجار بەهۆی کردارە دەستەڵاتدارییەکان و ناسەقامگیری سیاسییەوە هەڵوەشێندرانەوە. بیرکردنەوەی دەستوری مۆدێرن تیشک دەخاتە سەر گرنگی دامەزراندنی دامەزراوە دیموکراتییە بەهێزەکان و دڵنیابون لە بەشداریکردنی سیاسی فراوان و پاراستنی مافە تاکەکەسییەکان بۆ بەدەستهێنانی دیموکراسییەکی ڕاستەقینە و بەردەوام. ئەزمونی عێراق لەم ماوەیەدا وانەی بەنرخ پێشکەش دەکات دەربارەی ئاڵۆزییەکانی گواستنەوەی دیموکراسی و ململانێی بەردەوام لە نێوان نەریت و مۆدێرنیتە لە حوکمڕانی دەستوریدا.

**پلانی توێژینەوە**

پلانی توێژینەوەکەمان  پێکهاتوە لە دو بەش کە هەر بەشە سێ توێژینچەی لەخۆدەگرێت، هەر توێژینچەی چەند توێژینچە لەخۆدەگرت لەبەشی یەکەم: شەپۆلەکانی وەرگۆڕان بەرەو دیموکراسی لەسەردەمی نوێ و هاوچەرخدا، توێژینچەی یەکەم: کاریگەری تەکنۆلۆژیا و تۆڕەکانی ئینتەرنێت لەسەر وەرگۆڕانی دیموکراسی، توێژینچەی دوەم : وەرگۆڕان بەرەو دیموکراسی لە سەردەمی نوێ و کاریگەری بۆ سەر دەستور، توێژینچەی سێیەم: پەرەسەندنە دەستورییەکان لەدوای شەپۆلەکانی وەرگۆڕان بەرەو دیموکراسیدا، بەشی دوەم: ئاستەنگ و فاکتەرەکانی بەردەم بە دیموکراسیبونی دەستوری کاتی (١٩٥٨) توێژینچەی یەکەم: ڕوخانی ڕژێمی پادشایەتی وگرفتەکانی بونیادنانی دەستورێکی دیموکراتیانە، توێژینچەی دوەم: ئاراستەی هزریی پشت دەستوری کاتی ١٩٥٨. توێژینچەی سێیەم: دەستوری کاتی (١٩٥٨) و سەرەتاکانی هەژمونی تاکڕەهەندی بەسەر دەستور لە عێراقدا. توێژینچەی سێیەم: داڕشتنی دەستوری دیموکراسیی لە سیستەمەمە پۆست دیکتاتۆرەکاندا.

**بەشی یەکەم: شەپۆلەکانی وەرگۆڕان بەرەو دیموکراسی لەسەردەمی نوێ و هاوچەرخدا**

دیموکراسییەت لەسەردەمی دیجیتاڵی و لە چاخی نوێدا، لێکجیاناکرێتەوە لە وەرگۆڕانی دیموکراسیی لەسەردەمی گەشەی تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتنە زۆرو زەوەندەکانی بواری گەشەکردنی تەکنۆلۆژیای پەیوەندییەکان و جیهانگیریی، چونکە چەرخی نوێی میدیای دیجیتاڵی کەشێکی لە هۆشیاریی و ئاگایی گشتی بەرهەمهێناوە، کە چیتر سنورەکانی دەوڵەت و

سەروەری نیشتمانیی ناتوانن ڕێگە لە هاووڵاتی بگرن لەبارەی چییەتی و چۆنیەتی سیستەمە ڕامیارییەکانەوە، لەم بەشەدا بە چەند توێژینچەیەک لەبارەی کاریگەرییەکانی ئەم چەمکانە توێژینەوە دەکەین.

**توێژینچەی یەکەم: کاریگەری تەکنۆلۆژیا و تۆڕەکانی ئینتەرنێت لەسەر وەرگۆڕانی دیموکراسی**

لە چەرخی پێش دەرکەوتنی ئەنتەرنێتدا، هاووڵاتی کاتێك لە بارەی پرسە سیاسیی و مافەکانی مرۆڤەوە دەدوا، تاکە بژاردەی ئاخاوتن و قسەکردن و نوسین و بڵاوکردنەوە هەبوە، بەڵام بازدانە خێراکەی تۆڕە جاڵجاڵوکەییەکەی ئەنتەرنێت و گەشەکردنی تەکنۆلۆژیای پەیوەندییەکان، بەتایبەت پلاتفۆڕمە کۆمەڵایەتیەکانی (تویتەر، فەیسبوك، ئینستاگرام) و وێب سایتە هەواڵییەکان دەرفەت و چانسی قسەکردن و پانتاییەکانی دەرکەوتن زیاتربون.

لەگرنگرین کارلێکە سەرەکیەکانی ئەم سەردەمە دیجیتاڵیە لە پەیوەند بە پەیوەندی نێوان هاووڵاتی و سیستەمە ڕامیارییەکانی کۆمەڵگا دیموکراتیەکان خۆی لەم چوارخاڵ دەبینێتەوە(الاسرح،٢٠٢٢)

**یەکەم:** کارلێك و گفتوگۆی کراوە لە ڕێگەی پلاتفۆڕمە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەنێوان هاووڵاتی و دەسەڵاتدا ڕودەدات و جۆرێك لە فشاری میللی دروستبوە.

**دووەم:** ئۆپۆزسیۆنێکی فراوان دروستدەبێت و کار لەسەر وێنای حکومەت دەکات هەم لە ئاستە ناوخۆییەکەو هەمیش لە ئاستی کۆمەڵگەی دەرەکی.

**سێهەم:** دەرفەتێکی گونجاوی بۆ هەڵبژاردنە گشتییەکان ڕەخساندوە و دەرفەتی بەشداریکردنی هاووڵاتیانی لە پرۆسە دیموکراسییەکان مەیسەر کردوە دور لە فشارو چاوترساندن.

**چوارەم:** ڕاپرسییە ئەلیکترۆنییەکان سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ زانینی کێرڤ و باڵانسی ڕای گشتی ناوخۆیی لە بارەی حکومەت و دەسەڵات دەرهەق بە ئازادی و مافەکانی مرۆڤە، تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێت ڕۆڵێکی زیاتریان هەیە لە برەودان بە دیموکراسی لە سەرانسەری جیهاندا، بەڵام هەروەها ڕوبەڕوی ئاستەنگی و مەترسی دەبنەوە، کە پێویستیان بە گفتوگۆ و چاودێری بەردەوام هەیە بۆ دڵنیابون لەوەی کە سودە ئەرێنییەکان بە تەواوی بەکاردەهێنرێن و لایەنە نەرێنییە شیاوەکان زاڵدەبن.

**توێژینچەی دووەم : وەرگۆڕان بەرەو دیموکراسی لە سەردەمی نوێ و کاریگەری بۆ سەر دەستور**

لە ئێستای قۆناغی هاوچەرخدا لەسایەی گەشەسەندنی تەکنۆلۆژیای پەیوەندییەکان، جیهانگیریی و گەشەکردنی ئامرازەکانی پەیوەندیی و سەرهەڵدانی کارلێکی نێوان نەتەوەکان لەسایەی لاوازبونی سنورەکان، چەندە هاووڵاتیانی جوگرافیاییەکی سیاسی بە مۆدێلی دیموکراسی نوێ ئاشناکردوە، ئەوا بەو ئەندازەش فیدباکی لەسەر هاووڵاتی دروستکردوە بۆ ئەوەی بەهاو نۆرمەکانی ژیان و دیموکراسییەتی هاوچەرخ پەسەندبکات، ئەم پەسەندنامەیەی لە ڕێگەی کارلێکی میدیایی و پەیوەندی هاووڵاتی وەریدەگرێ، تەنها وەك بەشێك لە یادەوەری ئەرێنی نامێنێتەوە، بەڵکو لە ڕێگەی فشارە ناوخۆییەکانەوە دەبێتە مەیل و ویستێکی گشتی و لەپەنای ڕای گشتییەوە دەیەوێت لەناو سیستەمە سیاسیەکەی خۆشی ڕەنگبداتەوە.

خودی چەمکی وەرگۆڕان بەرەو دیموکراسیی لە قۆناغەکانی نوێ و هاوچەرخدا چەمکێکە گرێدراوی دەرکەوتە و دیاردەکانی زەمەنی نوێیە، کە خۆی لە گەشەسەندنی ئامرازەکانی گوزارشت لێکردن و دەربڕینی ویستە سیاسیەکاندا دەبینێتەوە، (نوام چۆمسکی) لەبارەی بەستنەوەی ئەم سەردەمە نوێیە بە "هاندانی دەوڵەتان بۆ سەرپێخستنی گواستنەوە بەرەو دیموکراسیی بەر لە هەر شتێك بە گۆڕانی شێوازەکانی فشار لەسەر دەوڵەت لە قەڵەمدەدات" (فرید،٢٠٢٢

١٠١)چونکە ئەگەر دیوێکی ئەو فشارانە گرێدراوی ئاستە دەرەکییەکە بن و سیستەمی نوێی جیهان و ڕێکخراو و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان بکەرە سەرەکیەکەی بن، ئەوە لە ئاستە ناوخۆییەکەی خەملّینی هۆشیاریی و ئاگایی هاووڵاتیان بە مافەکانیاندا، هەروەك ئاشنابونی بە ئەزمونی دیموکراسی دەوڵەتانی دیکە دەبنە سەرچاوەی فشار لەسەر دەوڵەت بۆ خێراکردنی گواستنەوە بەرەو دیموکراسیی (ماصي،٢٠٠٩ ٣١-٨٣) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە ئێستای قۆناغی هاوچەرخدا تەکنۆلۆژیای پەیوەندییەکان بە ئەندازەیەکی زۆر شوێنەواری بەها دیموکراسییەکانی بە ئەندازەیەکی زۆر لەسەر هاووڵاتی لەکۆی جیهان دروستکردوەو جۆرێك لە بەهای گەردونی بەرەو یەکخستنی مرۆڤەکان هەنگاو دەنێت و مرۆڤەکان یەکدەخات.

لە پەیوەند بە قۆناغی ڕاگوزەری دیموکراسیی لەسەردەمی نوێدا و کاریگەرییەکانی لەسەر بونیادنانی دەستور، گرنگە ئاماژە بەوە بدرێت کە زۆربەی توێژەران کۆکن لەسەر ئەوەی مادام (دەستوری گەلپەسەندکراو) بەرمەبنای خواست و پێویستییەکانی خەڵك و کۆمەڵگایە و ڕەنگدانەوەی بەها پەسەندکراوەکانی هاووڵاتیانەوە، ئەوە لەسایەی باڵابونی هۆشیاری هاووڵاتی و هەڵکشانی ئاستی تێگەیشتنی لە مافەکانی، چیتر ناتوانێ بە دەستورێك ڕازی بێت، کە ماف و ئازادییەکانی تێدا پارێزراو نەبێت، بەرمەبنای ئەو وەستانەوە لەبەرامبەر مەیلە هەژمونخوازەکەش، ئیدی کاریگەرییەکانی لەسەر دەستور بەجێدەهێڵێت، بەجۆرێك (لانس بينيت) لەمبارەوە دەنوسێت کە "ماس میدیاو میدیای ژمارەیی لە ڕۆژگاری نوێدا مرۆڤێك بەرهەمدێنێت، کە بەها گەردونییەکان نەك هەر دەکاتە بەشێك لە مۆراڵ و کەسێتی خۆی، بەڵکو لە ڕێگەی فشار و دروستکردنی ڕای گشتییەوە لە دەستور و یاسا ناوخۆییەکانیش جێگەی خۆی دەکاتەوە" (القصی،٢٠٢٢ ٢٢)

**توێژینچەی سێیەم: پەرەسەندنە دەستوریەکان لەدوای شەپۆلەکانی وەرگۆڕان بەرەو دیموکراسیدا:**

یاسای دەستوری وا وێنای بایەخی دەستور دەکات کە تەنها دۆکۆمێنتێکی یاسایی نییە، بەڵکو ویستی گەلێکە ساڵانێك لەپێناو بەدیهێنانی کۆششی کردوە، ئەم کۆششە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی دەسەڵاتدارییەتی خۆسەپێنەوە دەستپێدەکات تا دوا هەنگاوەکانی گواستنەوە بەرەو دیموکراسی، بەرمەبنای ئەو بایەخەی دەستور و پەرەسەندنە دەستورییەکان بەخۆیەوە دەبینن، دەشێت قۆناغبەندییەکانی گواستنەوەی دیموکراسیی لەنێوان سیستەمێکی داخراو و دەسەڵاتخواز بۆ دەسەڵاتێکی دیموکراسیی وا نیشان بدرێت کە قۆناغی ئاڵۆزو پڕ ئاڵنگارییە، چونکە هاوئاراستەی مەیلە دیموکراسییەکەی کۆمەڵگەو دەستەبژێرە خوازیارەکەی گەیاندنی کۆمەڵگا بە قۆناغی ڕاگوزەری دیموکراسیی، خواستی هێشتنەوەی دەسەڵات یان گەڕانەوە بۆ هەژمونی دەسەڵاتی پێشتریش لە ئارادایە، بەرمەبنای ئەو تێگەیشتنە لە بەریەککەوتنی ئاراستەکانی کۆمەڵگا لە دۆخی گوزەر بەرەو دیموکراسیی دەشێت قۆناغبەندییەکان ئاماژە پێبدرێت، کە توێژەران دابەشیدەکەن بەسەر چەند قۆناغێکدا (کەوتن و داڕمانی سیستەمی دەسەڵاتخواز)، (قۆناغی دامەزراندنی سیستەمی دیموکراسی)، (قۆناغی پابەندێتی دیموکراسی)، کە لەدوا قۆناغدا کۆڵەکەو پایە سەرەکییەکانی سیستەمەکە لەسەرو هەمویانەوە داڕشتنی دەستورێکی دیموکراسیی دەبێتە پێویستییەکی تەواوکاریی بۆ تەواوکردنی دواقۆناغی گواستنەوە بەرەو دیموکراسیی. (الوحیشي،٢٠١٥، ٦١-٦٢)

بەشێوەیەکی گشتی پەرەسەندنە دەستورییەکان لە دۆخی تەواوکاریی گواستنەوەی دیموکراسیی چەند خواستی پێشینە دەخوازێت:

یەکەم: حوکمی یاسا و پابەندکردنی هەموان بەدەستورو هەڵوەشاندنەوەی هەمو جۆرەکانی جیاوازییکردن.

دووەم: ڕەخساندنی دۆخی فرەیی و یەکتر قبوڵکردنی سیاسیی لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی دۆخێك لە بەشداریکردن لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیارو بەڕێوەبردنی وڵات.

سێهەم: بەبنەماگرتنی ئەو بەها باڵایانە لەدەستوردا کە ناکۆك نەبێت لەگەڵ بیروباوەڕەکانی کۆمەڵگا و خەڵك و هەموان پابەندی بن و گەلپەسەند بن، نەك سەپێندراو بەسەر خەڵکدا.

چوارەم: پەیڕەوکردنی سازان لەنێوان تەواوی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا لە بەشداریکردنیان لە دارشتن و ڕێککەوتن لەسەر بنەما گشتییەکانی نوسینەوەی دەستور. (مشروع التحول الديمقراطي و مراحل الانتقال في البلدان العربية،٢٠٢٠، تأريخ الزيارة: ٢٠٢٢/٧/١٨)

**دەروازەی دووەم: پەرەسەندنەکانی ژیانی دەستوری لەعێراق و کاریگەری لەسەر ڕەوتی دیموکراسی**

پرۆسەی بەدیموکراسیکردنی کۆمەڵگە و قوڵکردنەوەی بەهاکان و جێگیرکردنی بنەماکانی دیموکراسی، بە پلەی یەکەم بەندە بە بونی چوارچێوەیەکی یاسایی و دەستوری بۆ پاراستنی دامەزراوە دەستورییەکانی وڵات، لەم پێناوەدا بونی دەستورێکی دیموکراسیانە، کە بونیادی دەوڵەتی لەخۆی گرتبێت و ماف و ئازادییەکانی دیاریکردبێت، مەرجی سەرەکییە بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی و هەنگاونان بەرەو گواستنەوەی کۆمەڵگا بەرەو دیموکراسی، لەم دەروازەیەدا هەنگاوەکانی ژیانی دەستوریی لە عێراقدا شەنوکەو دەکرێت و مێژوی دەستور تا دەستوری هەمیشەیی دەخرێتە بەرباس.

**بەشی یەکەم: دەستوری (١٩٢٥) و بەرجەستەبونی دیموکراسی:**

لەژیانی ڕامیاریی عێراقدا، چەند هەوڵێکی دەستوریی هەبوە، کە هەر یەکێکیان لە سۆنگەی قۆناغ و سەردەمە مێژوییەکەی خۆی، بنەما دەستورییەکانی بەجۆرێك دارشتۆتەوە و سەرجەم ئەم بنەما دەستورییانە کاریگەرییان لەسەر شێوازی فەرمانڕەوایی دەوڵەت بەجێهێشتوە، یەکێك لەوانە دەستوری (١٩٢٥)ە، کە لەم بەشەدا لەبارەی مێژوەکەی و ڕەهەندە دیموکراسیەکەی توێژینەوە دەکرێت.

**توێژینەوەی یەکەم: پێناس و مێژوی دەستوری (١٩٢٥):**

عێراق لە مێژوی نوێ و هاوچەرخی خۆیدا، بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٩٢٥) دەبێتە خاوەن دەستورێکی هەمیشەیی نوسراو، کە لە ڕوی ناوانانەوە بە (یاسای بنەڕەتی) دەناسرێتەوە، بەرمەبنای ئەم بەڵگەنامە یاساییە فۆرمی دەوڵەتی عیراق سکێچە گشتییەکەی دادەڕێژرێت، کە "عێراق دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری و ئازادەو خاکەکەی پەرتناکرێت، حکومەتەکەی پادشایی بۆ ماوەییە و سیستەمەکەی پەرلەمانییە" (ناجی،٢٠٠٤ ٥٩) لەوە بەدوا سیستەمی عێراق لەژێر تایتڵی سیستەمی پەرلەمانیی پابەند بە دەستور جێگە دەکرێتەوە.

لە ڕاستیدا و سەبارەت بە خەملێنی بیرۆکەی نوسینەوەی دەستور لە دەوڵەتی عیراق ئەوە دەبێت دەگەڕێتەوە بۆ پاش جێگیرکردنی پاشا (فەیسەڵ بن حسەین) وەك پادشای عێراق، کە لە گوتاری مەراسیمی جێگیرکردنی بە پادشا لەم دەوڵەتەدا بەڵێنیدا کە پاڵپشتی دارشتنی دەستورێك دەکات بۆ عێراق کە ئەندامەکانی لیژنەیەکی هەڵبژێردراوی عیراقی دەبێت، ئەمەش هەمان ئەو خواستە بو کە (بزوتنەوە نیشتمانیی عێراقی) لە دوای تەواوبونی جەنگی یەکەمی جیهان بەرزیکردبۆوە، (لفتە،٢٠٢٠، ٦٧) بەمشێوەیە ئەو بەڵێنەی پادشا فەیسەڵی یەکەم لە گۆڕینی سیستەمی دەوڵەتی عێراق بەشێوەیەك کە بەرمەبنای دەستورەکەی ڕێکارە دیموکراسییەکانی تێدا پەیڕەوبکرێت، بەڵام هەرچەندە پێشتریش دەسەڵاتدارانی بەریتانی هەمان بەڵێنیان دوپاتکردبۆوە کە لە دوای سێ ساڵ لەدەسەڵاتداریەتی و ئینتیداب یاسایەکی سەرەکی بۆ عێراق پەسەنددەکەن، کە مافەکانی خەڵك و سەروەری خاکی تێدا پارێزراو دەبێت، ئەوا بەڵێنە سیاسییەکەی

بەریتانییەکان لە (١٩٢١) سەرەتاکانی دەرکەوتن ئەوکاتەی لیژنەیەکی تایبەت کە پێکهاتبو لە (میجەر دەبلیو.جی یۆنگ) فەرمانبەر لە فەرمانگەی کاروباری ڕۆژهەڵات لەناوچە داگیرکراوەکانی بەریتانیا و (ئایم. ئای.ئیدوارد) ڕاوێژکاری داد و (داڤیج سون) پسپۆڕ لە یاسای دەستوری، ئەرکی کێشانی سکێچە گشتییەکەی یاسای دامەزراندنیان پێ سپێردرا، (سەرچاوەی پێشو ٨١-٨٢) بەڵام چوارچێوەی گشتی پرۆژە بەریتانییەکە هێندەی لە خەم ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بو، لە هێشتنەوەی زۆرێك لە دەسەڵاتەکان بە دەسەڵاتی یاسادانانیشەوە لەدەستی پادشا، ئەوەندە بە خەم بەهێزکردنی کۆڵەکە و پایەکانی دیموکراسییەوە نەبو، هەربۆیە بەهۆی ئەم ستراتیژە نوێیەی بەریتانییەکانەوە دەسەڵاتەکان لە عێراق نەیاندەتوانی پارێزگاریی لە دیموکراسییەت و نوێنەرایەتی خەڵك بکەن (الشيباني،١٩٥٤ ٥٤)

بەم شێوەیە پرۆژەی بەریتانییەکان بۆ دارشتنی دەستور لەلایەن (پاشا فەیسەڵ)ەوە پەسەند دەکرێت و لە مانگی ئاداری (١٩٢٢) ئاراستەی لیژنەیەکی عێراقی دەکات، بەڵام لیژنەکە هەرچەندەش کە وەزیر و کاربەدەستی ژێر دەسەڵاتی پادشا بون پرۆژەکە رەتدەکەنەوە بەو پاساوەی کە دەسەڵاتی زۆر بە پادشا دراوە و ئەنجومەنی نیشتمانیی بێبەشکراوە لەبەکارهێنانی دەسەڵاتەکانی لەدارشتنی ئەو یاسایانەی کە پێچەوانەی رێککەوتنامەی نێوان عێراق و بەریتانیان لەژێر رۆشنایی ئەمەدا لیژنەکە پرۆژەیەکی دیکە کە رەنگدانەوەی دیدی عێراقیەکانە گەڵاڵە دەکەن، کرۆك و ماددەکانی پرۆژە نوێیەکە لە ئەزمونی (دەوڵەتی عوسمانی) و (دەستوری یابانی) وەرگیرابون، کاتێکیش هەردو پرۆژەکە رەوانەی لەندەن دەکرێن، لە ٦ی نیسانی ١٩٢٢ پرۆژەیەکی جیاوازتر کە ئاوێتەی هەردوکیانە بڕیاری لەبارەوە دەدرێت، کە بەهۆیەوە دەسەڵاتەکانی پادشا سنورداردەکرێن و دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەخرێنە ژێر دەسەڵاتی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە، دوای پەسەندکردنی پرۆژەکە لە (١٩٢٣) یاسای بنەرەتی لە رۆژنامەکان بڵاودەکرێتەوەو ئامادەی خستەبەردەم ئەنجومەنی دامەزراندن دەکرێتەوە(سەرچاوەی پێشو، ١١١)

سەرباری تێبینی دەرهەق بە رێکارە نادیموکراسییەکانی نوسینەوەی (دەستوری ١٩٢٥)، کە بەهۆی دەستوەردان و هەژمونی ئینتیدابی بەریتانیاوە نەیتوانیوە کۆدەنگی کۆمەڵگای عیراق لەسەر بێت، بەڵام لەدیدی بەشێك لە پسپۆڕان دەشێت وەك دەستورێکی کەموێنەی ئەو قۆناغە مێژوییەی ناوچەکە لێبڕوانرێت، بەوپێیەی لەماددەکانیدا پرسی ماف و ئازادییەکان، مافەکانی مرۆڤ لە دەروازەکانی سەرەتادا دوپاتدەکاتەوە، بەجۆرێك کە لە دەروازەی یەکەمدا (مافەکانی گەل) توانیویەتی چەمکی چوارچێوەی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان: ماوەی عێراق لە ساڵانی ١٩٢٥ بۆ ١٩٦٣ گۆڕانکاری گەورەی لە سیاسەت و کۆمەڵگای تێدا بینرا، لەگەڵ کاریگەرییەکانی کۆلۆنیالیزم و بەرەنگارییە ناوخۆییەکان. لێکۆڵینەوەکە پێویستە لێکۆڵینەوە لەوە بکات کە چۆن ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەرییان لەسەر پێشکەوتنە دەستورییەکان و بیرکردنەوەی دەستوری هەبوە. (جاسم،١٩٢٥ ٢٨٠-٢٨٧) هەروەك لەدەروازەکانی دیکەشدا بە هەمان فۆرم پارێزگاریی لە رِوکارە دیموکراسییەکانی دەوڵەتی عێراق دەکات، چونکە سەروەری گەل سیستەمی نوێنەرایەتی پەلەمانییە.

لەسەر ئەو زانیاریانە دەکرێت بوترێت لەنێوان ئەو دو ئاراستە جیاوازەشدا، کە یەکێکیان ڕایوایە (دەستوری ١٩٢٥) رێکاری دیموکراسیی نەبڕیوە بوەتە ئاستەنگی بەردەم دیموکراسی، لەکاتێکدا ئەو ئەو ڕایەی دیکە کە ناوەڕۆك و بەندەکانی یاساکە بە سەرچاوەی سەقامگیریی و داننان بە فرەیی و بونی ئۆپۆزسیۆن دەزانێت ئەمانە سەرچاوەی دیموکراسییەت و بنەما سەرەکییەکانن.

## توێژینچەی دوەم: سروشتی دیموکراسیانەی دەستوری (١٩٢٥)

لەماوەی دەستەڵاتی سیستەمی پادشایەتی عیراق  سەرباری ئەوەی کە دەستوری ئەم وڵاتە لەو ماوەیەدا، دەستورێکی مۆرک دیموکراسی و لیبراڵی بوە، بەڵام بەپێی دەسەڵاتە دەستوریەکان پادشا هەژمونی بەسەر کۆی جومگەکانی کۆمەڵگا و دەسەڵاتدا گرتوە. سەبارەت بەم پرسەش (رعد ناجی الجده) لە کتێبی (التشريعات الدستوريه في العراق) ئاماژە بەوە دەکات کە "بەریتانییەکان بۆ هێشتنەوەی هەژمون و باڵادەستی خۆیان بەسەر کۆی جومگەکانی دەسەڵاتدارییەتی لەعێراق بەتایبەت ڕەهەندی یاسادانان بەو پێیەی ڕاوێژکارە یاساییەکانی پادشا بەریتانیبون، پایەکانی دیموکراسیی نوێنەرایەتیان لە عێراق لاوازکردوە".(رعد،١٩٩٨ ٢١)  ئەمە دیدگایەکە (فائز عزيز) لە کتێبی (انحراف النظام البرلماني) دوپاتیدەکاتەوە و دەنوسێت کە "مافەکانی پادشا لە دیاریکردنی ئەندامانی (ئەنجومەنی پیران) پاڵپشت بە بەماددەی (٣١) برگەی (١) و ماددەی (٢٦) برگەی (٧) مافی ڕەها دراوە و پادشا بۆ دیاریکردنی ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە، لە پرۆسەی دیاریکردنی ئەندامانی ئەنجومەنەکە ئەنجومەنی وەزیران هاوپشکی دەبێت، بەرمەبنای ئەم دەسەڵات و پشکدارییەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەدیاریکردنی ئەندامی دەسەڵاتی یاسادانان دیموکراسیی لاواز دەکات" (الحفو،١٩٢٥  ٢٠٠٥) بەوپێیەی کە بەم شێوەیە دەگەینە ئەوەی پێشمەرجی هەمو سیستەمێکی دیموکراسیی چاودێریکردنی حکومەتە لەلایەن پەرلەمانەوە، لەکاتێکدا ئەگەر حکومەت ڕۆڵی یەکلایکەرەوەی هەبێت لەدانانی ئەندامانی ئەنجومەنەکە ئەوا ڕاستەوخۆ سەندنەوەی ئەم دەسەڵاتەیە.

ڕاڤەکردنی سروشتی ئەم دەستورەی عیراق و پەیوەستکردنەوەی بە دیموکراسیی لەسەر چەندین ئاست سەرنج و تێبینی هەمەجۆریان هەیە، هەندێکیان لەسروشتی لە دایکبونی دەستورەکە و هەندێکی دیکەشیان لەناوەڕۆکەکەیەوە باری سەرنجی خۆیان دەخەنەڕو، لەم پێوەندەدا و لە پێناوی تێگەیشتنی دروست لە ڕەهەندە دیموکراسییەکانی دەستوری (١٩٢٥) و شێوازەکانی داڕشتن و ناوەڕۆکەکەی، ئەوا پێویستە کە لە سەر ئەم دو قۆناغە چەقبەندبکرێت:

**یەکەم: شێوازی داڕشتنی دەستور و پەیوەندی بە دیموکراسییەوە:**

لەگەڵ هاتنی سوپای بەریتانیا بۆ عێراق لەکاتی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم و لەناوبردنی سوپا و دەسەڵاتدارێی عوسمانی لەناوچەکە و ڕاگەیاندن و سەپاندنی حوکمی سەربازی لە عیراق، پێویستە ئەو ڕاستیە بوترێت ئەم خۆسەپاندنە سەربازییە ئەوەندەش لەئاستی میللیدا پەسەندکراو نەبو، بەڵکو هەر زو لە شۆڕشی (١٩٢٠)هەوە بزوتنەوەی چەکداری ناوخۆیی بەرمەبنای ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی سەربازی بەریتانی دەخەملێت، ئەم بزوتنەوە چەکدارییە بەریتانیەکانی خستەبەردەم دو ئەگەر، یان مانەوەی حوکمی سەربازیی و سەرکوتکردنی بزوتنەوە چەکدارییەکە، یانیش جێهێشتنی عیراق، ئەوەبو دەسەڵاتە سەربازییەکەی بەریتانییەکان بژاردەی یەکەمیان لاپەسەندبو، کەچی (وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا) چارەسەری سێهەمی پەسەندکرد کە هەماهەنگی و هاوکاریکردنی عێراقییەکان بو بۆ دروستکردنی دەسەڵاتداریەتێکی نیشتمانیی کە بەرژەوەندی هەردولا بپارێزێ، ئەم پرۆسەیەش دواجار بە خواستی سەرکردەکانی بزوتنەوە چەکدارییەکەی عێراق یەکلایی بوەو خۆیگرتەوە ئەمەش بریتیبو لە داواکردنی پێکهێنانی حکومەتێك بو کە پادشایەکی عەرەبی لە ڕۆڵەکانی (مەلیك حوسێن) دیاریبکرێت، بەریتانییەکان پەیوەندیان بە (مەلیك فەیسەڵ)هەوە کرد کە پێشتر پادشای (سوریا) بوە و پاش هێرشی فەرەنسییەکان دەستبەرداری دەسەڵاتەکەی بوە و وەك پەناهەندە لە ئیتاڵیا مابۆوە، بۆ ئەم مەبەستە لە (قاهیرە) کۆنگرەیەك دەبەسترێت، کە لەڕێگەیەوە لەساڵی (١٩٢١) ڕاپرسیەك بۆ جێگیرکردنی (مەلیك فەیسەڵ) بە پادشای عیراق ئەنجامدەدرێ و بڕیاری نوسینەوەی دەستورێك بۆ عیراق دەدرێت (اخرون سعيد زيداني،١٩٩٠ ١٦١-١٨٩)

**دوەم: ناوەڕۆکی دەستور و پەیوەندی بە دیموکراسییەوە:**

لەڕاستیدا پرۆسەی توێژینەوە لە دەستوری (١٩٢٥) و پەیوەندی مادده و بڕگەکانی ئەم دەستورە بە دیموکراسییەوە، چەندین ڕوخساری دیموکراسیی خۆی بەرجەستە دەکات، کە هەم لەڕوی دارشتنەوە هاوسەنگی یاسایی تێدا پارێزراوە و هەمیش ڕۆحێکی دیموکراسیی لە خۆی گرتوە کە پارێزگاریکردنە لە ماف و ئازادییەکانی تاكو بوارەکانی تر، لێرەوەو بەشێوەیەکی گشتی ڕوخسارە دیموکراسییەکان لەم ئاستانەدا بەرجەستە دەبن:

. **ئاین**: ماددەی (١٣) لەدەستور سەرباری ئەوەی ئیسلام وەك ئاینی دەوڵەت دەناسێنێ، بەڵام ئازادی پەرستش و بەجێگەیاندنی سروتە ئاینییەکان بۆ تەواوی پەیرەو جیاوازەکانی کۆمەڵگای عێراقی دەستەبەر دەکات و بەهیچ جۆرێك ڕێگا بەهیچ جۆرە پێشێلکارییەك نادرێت و هەمو ئاین و ئاینزاکان لە پارێزگاریکردن لە بیروباوەڕ و سروتەکانی خۆیان پارێزرابون.

. **زمان:** ئەگەرچی ماددەی (١٧) زمانی عەرەبی بە زمانی ڕەسمی دەوڵەت دەناسێنێ، بەڵام لە ماددەی (١٦)دا ماف دەداتە تەواوی نەژاد و نەتەوە و پێکهاتەکان بە دامەزراندنی قوتابخانە و فێرکردنی ڕۆڵەکانیان بەزمانی خۆیان و پارێزگارییکردن لە تایبەتمەندییە نەژادییەکانی خۆیان، دواتریش لە ساڵی (١٩٣٦) لە ڕێگەی یاسای زمانەکانەوە زمانی کوردی وەك زمانی ڕەسمی خوێندن لەناوچە کوردییەکان پەسەندکرا.(المادة السادسة عشرة)

. **مافەکانی مرۆڤ**: ماددەکانی (٦) کە هەمو جۆرە جیاکاری و هەڵاواردنێکی عێراقییەکان لەسەر بنەمانی نەتەوە و ئاین و زمان ڕەتدەکاتەوە و ماددەی (٧)یش کە ئازادییە کەسییەکان بۆ تەواوی عێراقییەکان دانپیانراوە و ماددەی (٨) و (٩) و (١٠) لەبارەی خاوەندارییەتی و پاراستنی شکۆ و کەرامەت و یەکسانی لەبەردەم یاسادا دانپیانراوە، هەرچی ماددەی (١٢)یەمینیشە ئەوا ئازادیی ڕادەربڕین و کۆبونەوە و پێکهێنانی کۆمەڵە و گروپەکان لەچوارچێوەی یاسا بەرکارەکاندا دەستەبەرکراوە. (المادة الستة)

**توێژینچەی دوەم: دەستوری عێراق (١٩٢٥) و ماف و ئازادییە رامیارییەکان:**

لەوێوە کە مافە سیاسییەکان بەشێکی سەرەکین لە مافەکانی مرۆڤ و لقێکی بنەڕەتین کە هاوشان لەگەڵ مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان لە دەستور و یاسا بەرکارەکان جێگەیان دەکرێتەوە، ئەوا ئەم مافانە لە هەمو دەستورێکدا بەرمەبنای جۆری سیستەمە سیاسییەکە و ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت کە سروشتی ئەو مافانە و سنوری ئەو ئازادییانە دیاریدەکرێت، لەو پێناوەشدا دەستوری دەوڵەتی عێراق ساڵی (١٩٢٥) کە نوێنەرایەتیی سەرجەم پێکهاتەکان تێدا بەشداربون لەدارشتن و گەڵاڵەکردنیدا، ئەوەندەی پەیوەند بێت بەو ئاستانەی کە مافەکانی مرۆڤ و مافە سیاسییەکان لەسەریان وەستاوە، ئەم خاڵانەی خوارەوە گرنگە وەستانیان لەسەر بکرێت:

ا . **مافی ڕەگەزنامە:** بەخشینی ڕەگەزنامە یەکێك لەسەرەکیترین مافەکانی مرۆڤە کە هەمو دەستورێك هەڵوەستەی لەسەر دەکات.

ب . **مافی یەکسانی**: ماددەی (٦) لە (یاسای بنەڕەتی) یەکسانی هەمو ڕۆڵەکانی گەل دوپاتدەکاتەوە، بەوپێیەی ئەوە دەسەلمێنێت کە جیاوازیی لەنێوان عێراقیەکاندا لەمافەکانیان لەبەردەم یاسادا ئەمە سەرەڕای جیاوازییان لە نەتەوە و ئاین و زمان.

پ . **یەکسانی لە مافی مەدەنی و سیاسی:** بەپێی ماددەی (١٨)ی هەمان دەستور هەمو عێراقییەکان یەکسانن لە بەهرەمەندبون لە مافە مەدەنی و سیاسییەکان و هیچ جیاکارییەك لەنێوانیاندا بە بیانوی نەژاد و زمان و ئاین ناکرێت.

ت . **مافە بیری و سیاسییەکان**: ماددەی (١٢) مافی ئازادی ڕادەربڕین و بڵاوکردنەوە و دروستکردنی کۆمەڵە و گروپەکان دەستەبەرکراوە، هەرچی ماددەی (١٣)یە پەیڕەوکردنی بەجێگەیاندنی سروتە ئاینیی و مەزهەبییەکان ڕێگاپێدراون.

د. **مافی هەڵبژاردن**: مەبەست لە مافی سیاسیی ئەو "مافانەیە کە دەستور و یاسا بەرکارەکان بۆ هاووڵاتیان لە هاوبەشیکردن لەبەڕێوەبردنی وڵات و دامەزراوەکانی بڕیاردان دەستەبەری دەکەن".

خ. **ئازادی ژیانی کەسیی:** ماددەی (٧) دوپاتیدەکاتەوە کە ئازادیی کەسیی بۆ سەرجەم هاووڵاتیان دەستەبەرە بێ ئەوەی ڕوبەڕوی گێچەڵ و دەستوەردان ببنەوە، هەروەك ڕێ لە گرتن و ڕاگرتیان دەگیرێ تەنها بە یاسا نەبێت. (المادة السابعة)

ح. **مافی سیاسییە:** لە ماددەی (١٠)ی یاسای بنەڕەتی مافی خاوەندارییەتی و بەدەستهێنانی سەرمایە، وەك مافێکی بنەڕەتی ناسێنراوە بێ ئەوەی کەس ئەو مافە زەوتبکات.

**توێژینچەی سێیەم: ڕەهەندە نادیموکراسیەکانی دەستوری عێراق بۆ ساڵی ١٩٢٥:**

لە هەمو سیستەمێکی سیاسیدا پەیوەندییەکی تەواوکاریی گرنگ لە نێوان دەستور و سروشتی سیستەمی دیموکراسیەکەدا هەیە، بەجۆرێک کە هەرکاتێك دەستور بنەما و بەها دیموکراسییەکانی لە نمونەی بەهای هاووڵاتیبون، پەسەندکردنی گەل وەك سەرچاوەی دەسەڵاتەکان، لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و باڵایی یاسا، دانان بە ماف و ئازادییەکان و ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات و قبوڵکردنی فرەیی سیاسیی، لەخۆیگرت، ئەوا بەو ئەندازەیەش پایەکانی سیستەمی دیموکراسیی دەپارێزرێت (الداودي،٢٠٢٠، ٢٠) لێرەوە بایەخی دەستور لە شۆڕکردنەوەی دیموکراسیی بۆ ئاستەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا و وەرگۆڕینی بنەماکان بۆ بەها لە پێناو دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا زیاتر چەکەرە دەکات، بەرمەبنای ئەم تێگەیشتنە لە سروشتی دەستوری دیموکراسی و کاریگەریی لەسەر بەرفراوانکردنی دیموکراسییەت لەکۆمەڵگادا.

ئەم دەستورەی عێراق کە لە (١٢٥) ماددە پێکهاتوە و بەسەر دیباجە و (١٠) دەروازەدا دابەشکراوە، لەمێژوی خۆیدا سێ جار هەموارکراوەتەوە، هەمواری یەکەم (٢٩)ی تەمموزی (١٩٢٥) کە پێنج ماددەی بەر هەموارکردنەوە کەوت و دوەمین هەمواریش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٤٣) و سێهەم هەموارکردنەوەش دەگەڕێتەوە بۆ یەکێتییە هاشمیەکەی نێوان (عێراق و ئەردەن)و تا ڕوخاندنی ڕژێمی پادشایەتی دەستوری بنەڕەتی وەك خۆی مایەوە (الدليمي ٢٠٢٠ ١-١٠) بەڵام لە زۆر ئاستیشدا ئەم چەمك و بنەمایانەی دیموکراسی تەنها لەچوارچێوە تیۆرییەکەدا ماونەتەوە. (عبدوالغنى الدلى) ڕەهەندە نادیموکراسییەکانی دەستوری عێراق (١٩٢٥) لەچەند ئاستێکدا کورتدەکاتەوە (الدلي،٢٠٠٥ ٢٠٢٢) لەوانە:

**أ. جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکتر:**

لە هەمو سیستەمە دیموکراتییە مۆدێرنەکان و دەستورەکاندا، جیاکردنەوەی دەستەڵات بنەمایەکی بنەڕەتییە. دەستوری عێراق ١٩٢٥ لە ماوەی پاشایەتیدا نیشانیدەدات کە دەستەڵاتی جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری جیادەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەستێوەردانە شاهانەکان لە عێراق تەنانەت بەرزترن، چونکە بەشی دوەم لەسەر مافەکانی پاشا و بەشی چوارەم لەسەر کاروباری وەزارەتەکان و دەستەڵاتەکانی وەزیران و بەرپرسان ڕەنگدانەوەی پۆلێنکردنی جیاوازی دەستەڵاتەکانن.

**مافەکانی پادشا**: پاشا دەستەڵاتی گەورەی هەیە. ماددەی ١٩ی ئەم دەستورە ئاماژە بەوە دەکات کە سەروەریی خاکی عێراق و پاشایەتیی دەستوری هی خەڵکە و لەلایەن شا فەیسەڵ بن ئەلحوسێن و جێگرەکانی بەڕێوەدەبرێت ئەو دەستورەدا ئەوە دوپاتکراوەتەوە کە سەروەری خاکی عێراق و پادشانشینی دەستوریی بۆ گەل دەگەڕێتەوە و بەڕێوەبردنەکەی بۆ شا (فەیسەڵ بن حوسێن) و میراتگرەکەی دوای خۆی دەگەڕێتەوە، هەرچی ماددەی (٢٦)هـ لەدەروازەی دوەم مافەکانی پادشا دیاریدەکات بەوەی کە شا سەرەرۆی دەوڵەوتە و دەسەڵاتی باڵایە کە یاساکان پەسەند دەکات و فەرمان بە بڵاوکردنەوەیان دەکات و چاودێریی جێبەجێکردنیان دەکات. ئەوە دەوڵەتە کە نوێنەرایەتی دەکرێت

لەلایەن پاشـا و دەسـتەڵاتی باڵاوە، کە یاسـاکان پەسـەند دەکات، فەرمانی بڵاوکردنەوەیان دەکات و سـەرپەرشـتی جێبەجێکردنی دەکات (ناصف،١٩٨١ ٨٦) ئەوە دەوڵەتە کە نوێنەرایەتی دەکرێت لەلایەن پاشا و دەستەڵاتی باڵاوە، کە یاساکان پەسەند دەکات، فەرمانی بڵاوکردنەوەیان دەکات و سەرپەرشتی جێبەجێکردنی دەکات.

**دەستەڵاتی یاسادان:** ماددەی ٢٨ی بەندی سێیەم جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەستەڵاتی یاسادانان لە عێراق پەیوەستە بە ئەنجومەنی گەل (ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران) و پاشـاوە، بەڵام دەبێت ڕەچاوی دەسـەڵاتەکانی پادشـا بکات. ئەم پێشـمەرجە بۆ دەسـەڵاتی یاسـادانان لەبری ئەوەی دەسـەڵاتی تەشریعی مافی چاودێریکردنی بەسـەر پادشـا و دەسـەڵاتی جێبەجێکردنەوە هەبێت هەرچەندە ئەوان مافی ئەوەیان هەیە کە یاسـا پێشـکەش بکەن، بەڵام ناچارن پابەندی دەسـتەڵاتەکانی پاشـا بن، چونکە ئەوانیش دەسـتەڵاتی ئەوەیان هەیە کە چاودێری پاشـا و دەسـتەڵاتی جێبەجێکردن بکەن، هەرچەندە دەسەڵاتی یاسادان مافی دارشتن و دەرکردنی یاسای هەیە (الربیعی،٢٠٢٣ ٥-١٨)

**بەڕێوەبردنی هەرێم و ئیدارە خۆجێیەکان:**

دەروازەی حەوتی دەسـتوری عیراقی سـاڵی ١٩٢٥ ئاماژەی بەو پرسـە داوە و پێویسـتی دەرچواندنی یاسـا بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکان و ڕێکخستنی کاروباری شـارەوانییەکان بە پێویسـت زانیوە، بەڵام دەرچونی ئەو یاسـایانە تا چلەکان بێدەنگەی لێکراوەو ئاستی بەشداریکردنی هاووڵاتیانی ئەو ناوچانە لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی وڵات سنوردار بو، ئەمەش پێچەوانەی بنەما سەرەکییەکانی پرۆسەی دیموکراسییە.

**دادگای دەسـتوری:** لە دەسـتوری سـاڵی ١٩٢٥دا، هیچ بڕگەیەک نییە کە بە ئاشـکرا ئاماژە بە دامەزراندنی دادگای دەسـتوری بکات. لەبری ئەوە، ماددەی ٨١ی دەسـتور ئاماژە بە دامەزراندنی دادگای باڵا دەکات بۆ دادگاییکردنی وەزیرەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی گەل کە تۆمەتبارکراون بە تاوانی سیاسی و پۆستی گشتی (سەرچاوەی پێشو)

دەسـتوری دیموکراسی ئەگەر جێبەجێبکرێت یان نا ئەوەدەسـتورێکی دیموکراسـییە بە پشـت بەسـتن بەو کەموکوڕییە دەستورییانەی سەرەوە، دەتوانین بگاتە ئەو ئەنجامەی کە دەستوری بنەڕەتی عێراق، هەرچەندە مسۆگەری هەندێک لە بنەماکانی دیموکراسی دەکات لە شـێوەکەیدا، بەڵام بە شـێوەیەکی پێویسـت کاریگەری لەسـەر پرۆسـەی دیموکراسی لە وڵاتدا نەکردوە.

**بەشی دووەم: ئاستەنگ و فاکتەرەکانی بەردەم بە دیموکراسیبونی دەستوری کاتی (١٩٥٨):**

**توێژینەوەی یەکەم: ڕوخانی ڕژێمی پادشایەتی وگرفتەکانی بونیادنانی دەستورێکی دیموکراتیانە:**

کودەتای (١٤)ی تەمموزی (١٩٥٨) یان وەك لە ئەدەبیاتی سیاسیی عێراق بە شۆڕشی چواردەی تەمموز دەناسرێتەوە، لەگەڵ خۆیدا ئاڵوگۆڕی زۆری لەسەر ئاستەکانی سیاسیی وکۆمەڵایەتی و ئابوری بەدوای خۆیدا هێناوە، لەدیدی زۆرێك لە مێژونوسان ئەو ڕاپسکانە سەربازییە وەرگۆڕانێکی مێژویی گەورە بو لە عێراقی هاوچەرخدا، بەرمەبنای سەرهەڵدانی ئەو دۆخە نوێیە سەرکردایەتی بزوتنەوە کودەتاچیەکە ناچاربون زۆر بڕیاری خێرا بدەن بۆ ئەوەی سیستەمەکە لەوەی پێش خۆی جیابکرێتەوە، لەسەرو هەموشیانەوە هەڵوەشاندنەوەی یەکێتییەکەی عێراق بو لەگەڵ ئەردەن و سەرلەنوێ بوژاندنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ (یەکێتی سۆڤیەت و چین)، لە ئاستی ناوخۆش ڕێگەخۆشکردن بۆ فرەیی سیاسی و هەڵگرتنی یاساغ لەسەر پارتە سیاسییەکان (عباس،١٩٥٨، ٢٠٢٢) لەسەرو هەمو ئەمانەشەوە هەڵوەشاندنەوەی (یاسای بنەڕەتی) و سەرجەم هەموارکردنەوەکانی سەردەمی پادشایەتی و بەڵێندان بە نوسینەوەی دەستورێك کە لەگەڵ بنەما و پێوەرە هاوچەرخەکانی جیهانی ئەوکاتدا بگونجێت و ڕەنگدانەوەی فرەیی کۆمەڵگای عێراقی بێت.

کەوتنی ڕژێمی پادشـــایەتی لە (١٤)ی تەممووزی (١٩٥٨) بە تەنها کۆتاییهاتنی فۆرمێك نەبو لە ســیســـتەمێکی ڕامیاری لەعێراقدا کە پادشـــایەتی بو، هەروەها ڕاگەیاندنی مۆدێلی کۆماری لە ژیانی سـیاسی ئەم وڵاتەدا، بەڵکو لەهەمانکاتیشــدا هەڵوەشــاندنەوەی (دەســتوری عیراق) و هەنگاونان بو بۆ نوسـینەوەی دەســتورێکی کاتی، کە تەنها دوای دو هەفتە لە ســـەرکەوتنی کودەتاکە هاتەدی و لەڕۆژی (٢٧)ی تەمموز (عەبدولکەریم قاســم) دەســـتوری نوێی ڕاگەیاند (هەمان سەرچاوە)

دەکرێت بگەینە ئەو ئەنجامەی دەستوری کاتی (١٩٥٨)ی عێراق دەشێت ئاماژە بەوە بکرێت کە گرفتە سەرەکییەکانی بونیادنانی دەستورێکی دیموکراسی لە عێراق هاوچەرخدا سەرەڕای باری سەرنجەکان لەسەر (خێرایی لە نوسین، نەبونی ئەنجومەنی دامەزراندن، لاوازی پسپۆڕیی) بەشەکەی دیکەش گرێدراوی ئەوە بێت، کە لە بنەڕەتەوە دەستەبژێری نوێی عێراق لە دوای ئەو کودەتایە ئامانجیان لە نوسـینەوەی دەسـتوری کاتی تەنها هێورکردنەوەی شـەقام و ڕازیکردنی هێز و پارتە سیاسییەکانی تر بوە. دەستوری دوەمی عێراق لە ساڵی ١٩٥٨ لە ماوەی پەیماننامەکەدا بڵاوکرایەوە.

یەکەم کۆماری دوای شۆڕشی چواردەی تەممووزی ١٩٥٨ و تا شوباتی ١٩٦٣ بەردەوام بو لە کارکردن و ئەم دەستورە دو هەفتە دوای شــۆڕشــەکە دەرچو. ســێیەم دەســتوری کاتی عێراق و ئەم دەســتورە دەرچو، کە ئەم یاســایە بە یاســای ئەنجومەنی نیشــتمانی ناسراوە دوای هەشــتی شــوباتی ١٩٦٣. ئەم دەســتورە وەرگیراوە کە چەند بڕگەیەکی تێدایە کە شەرعییەتی دەستەڵات بەدەستدەهێنێت.

لەو کاتەدا، ئەو ماددانەی تێدابو کە هیچ پەیوەندییەکیان بە ڕێکخستنی پەیوەندی یاسایی و سیاسی نێوان دەستەڵات و خەڵکەوە نەبو. چوارەم دەستوری کاتیی عێراق و ئەم دەستورە لە دوای هەژدەی تشرینی دوەم دەرچوە.

لە ســـاڵی ١٩٦٤، کاتێک یەکەم حکومەتی بەعس ڕوخا، کە دوای هەموارکردنەوەی تێســـتەر لە ســـاڵی ١٩٦٣، ئەم دەستورە ١٠٢ ماددەی تێدابو کە وردەکاری هەمو ئەرکەکانی دەستەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری تێدابو، و لە یەکەم پێشــەکیدا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەم دەســتورە هەوڵی دروســتکردنی دۆخێکی ســەقامگیری و ئارامی لەنێو خەڵکدا دەدات دوای ئەوەی بەهۆی ماوەی شەڕە ناوخۆییە بەردەوامەکانەوە ئازار دەچێژێت.

**توێژینچەی دوەم: ئاڕاستەی هزریی پشت دەستوری کاتی ١٩٥٨**

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەوەندە دەرەنجامی ڕودانی شـــۆڕشـــێکی کۆمەڵایەتی نەبوە، دیارە ئەوەش لە بەشـــێکی سەرەکیدا پەیوەندە بە واقیعی ڕەوشی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و هەروەها ئاینی و ئاینزایی بەشی زۆری کۆمەڵگەی ئەم دەوڵەتە، کە ســـەرەنجام وایانکردوە کە ڕەوشە ڕۆشـــنبیریی و ڕامیارییەکەش بەشـــێوەیەك، بەتایبەت بۆ ئەو قۆناغە مێژوییە بێتە خۆگرتن، کە گۆڕانکارییە ڕیشـەیی و بنچینەییەکان لە پرۆسـە ڕامیاریەکەیدا بەردەوام لە سـەرەوە و لەلایەن دەستەبژێرە ڕامیاری و سەربازییەکانەوە بڕیاری لێبدرێت.

سـەبارەت بە ئاراسـتەی هزری پشـت نوسـینەوەی دەسـتوری کاتی ئاماژە بۆکراو، ئەوا (روفائیل بەتی) لە کتێبی (ذاكرة العراقية) ئاماژە بەوە دەکات کە ئامانج و ئاراســـتەی هزریانەی پشـــت دەســـتوری کاتی کۆماری یەکەم، بریتیبوە لە شـــەرعیەتدان بە کودەتا و دۆزینەوەی پاســـاو بۆ قایمکردنی پایەکانی حوکمڕانی تاکەکەسی لە عیراق و ســـەنگەرگۆڕکێی نێودەوڵەتی و دۆزینەوەی پاســـاو بۆ نزیکبونەوە لە یەکێتی ســـۆڤیەت، دنەدانی هەســـتی نەتەوەخوازیی بەتایبەت لە بەرامبەر (ئیسرـائیل) و خۆوێناکردنی عێراق و ئەلیتە ســیاســیە نوێیەکەی وەك فریادڕەسی ناســیۆنالیســتی عەرەبی (بطي،٢٠٠٠ ٢٤٨)

ئەم بابەتە باس لەوە دەکات کە چۆن دەستور مامەڵە لەگەڵ کێشەی فرەنەتەوەیی لە عێراقدا دەکات و تیشک دەخاتە سەر دانانان بە هاوبەشی نێوان کورد و عەرەب وەک بەدیهێنانی ئەم سەردەمە مێژوویە. بە شێوەیەکی گشتی، جگە لە پرسی کورد، هێزە سەرکەوتوەکانی دوای کودەتاکەی ساڵی ١٩٥٨ بۆچونی ئایدۆلۆژییان لەسەر دەستورێکی نوێی دیموکراسی نەبو. ئامانجی سەرەکی ئەو ئەوە بو کە زاڵ بێت بەسەر ناسەقامگیرییەکانی دوای ڕوخانی پاشایەتیدا و سەرنجی خۆی خستە سەر بەکارهێنانی میکانیزمە سیاسییەکان لە دارشتن و نوسینی دەستور و دۆزینەوەی یاسا و دروستکردنی دەستور.

**توێژینچەی سێیەم: دەستوری کاتی (١٩٥٨) و سەرەتاکانی هەژمونی تاك ڕەهەندی بەسەر دەستور لە عێراقدا**

پسپۆڕانی یاسای دەستوریی لە پرۆسەی بەراودکاریی نێوان دەستورەکانی عێراق لە پەیوەند بە پرسی زۆرێك لە ماف و ئازادییەکان لەم وڵاتەدا، کە پێشمەرجی دیموکراسییەت و لەدایکبونی سیستەمی دیموکراسیین، دەستوری کاتی (١٩٥٨) بە لاوازترین بەڵگەنامەی دەستوریی تەماشا دەکەن، بەتایبەت کە لەناوەڕۆك و ڕەنگدانەوەی ئەو بەهایانەدا هەم لە (یاسای بنەڕەتی . ١٩٢٥) سەردەمی پادشایەتی جیاوازە و هەمیش لەدەستورەکانی دوای خۆی، بەمشێوەیە ئەم جۆرە پاشەکشە دەستورییە لەکۆی بوارەکاندا وایکردوە کە وەك دەستورێکی لاواز لەقەڵەم بدرێت.

ڕویەکی تری دیکەی وەرگۆڕانی کۆماری یەکەم بۆ تاکڕەهەندی، بریتیبو لە هێشتنەوەی ڕوکاری سەربازیی (عەبدولکەریم قاسم) و کابینەکەی، ئەم ڕوکارە سەربازییەش بۆ بیرهێنانەوەی ئەو تێگەیشتنە بو کە سیستەمی نوێی کۆماری بەپاساوی شەرعیەتی شۆڕش و ڕوخاندنی ڕژێمی پادشایەتی و بیانوی نەبونی سەقامگیریی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و دوژمنی دەرەکییەوە پارێزگاری لە نەسەقی سیستەم دەکات.

یەکێکی تر لە هەنگاوەکانی وەرگۆڕانی سیستەمی نوێی عێراق لەدوای ڕژێمی پادشایەتی بۆ جۆرێك لە دەسەڵاتی خۆسەپێن، پەیوەستە بە دەرچونی یاسای (چاکسازیی کشتوکاڵی) کە لە ٣٠ی ئەیلولی ١٩٥٨، پاش دو مانگ لەسەرکەوتنی (عەبدولکەریم قاسم) و هاوەڵەکانی دەرچوە(فرهود٢٠١٤-٢٠٢٢)

لەسەر ئەوەی لە سەرەوە توێژینەوەی لێکراوە دەگەینە ئەوەی بڵێین هەم دەستوری کاتی (١٩٥٨) لە عێراق بنەماکانی دەسەڵاتێکی تاکڕەهەندی لە خۆیدا بەرجەستە کردو هەمیش دوای نوسینەوەی ئەو دەستورەو فۆڕمی ئیدارەدانی دەوڵەت و سیستەمی فەرمانڕەوایی لەلایەن (عەبدولکەریم قاسم)هوە دەگۆڕێت بۆ سیستەمێکی تاکڕەهەند.

**دیاردەی وەرگۆڕانی دیموکراسی**

دیاردەی وەرگۆڕانی دیموکراسیی دیاردەیەکی گرنگ و پڕبایەخە لە ژیانی ڕامیاریی هاوچەرخ بەگشتی و کۆمەڵگە و دەوڵەتە تازە پێگەیشتوەکان یان ئەو دەوڵەتانەی ساڵانێکی زۆر سیستەمێکی ڕامیاریی تۆتالیتێری و دیکتاتۆری بەسەریاندا زاڵبوە، ئەم بایەخە وایکردوە وەك چەمکێکی باو جێگەی بایەخی هزرمەندان و ئەکادیمیانی ئەو بوارە بێت و هەریەکەو لە سۆنگە و گۆشەنیگای جیاوازەوە لەسەر چەمکەکە بوەستن.

**توێژینچەی یەکەم: چەمکی وەرگۆڕانی دیموکراسی**

چەمکەی دیموکراسی دەگەڕێتەوە کە واتای پەڕینەوە یان گواستنەوەیە لەدۆخێکی دیاریکراو یان قۆناغێکی دیاریکراو(٢٠٠٩ ,Stephen.17 ) یانیش شوێنێکی دیاریکراو بۆ دۆخ و قۆناغ و شوێنێکی دیکە، کە بنەڕەتەکەی لە هەڵتەکاندنی کۆڵەکەکانی سیستەمی سیاسی پێشتر و بونیادنانی سیستەمی نوێ خۆی دەبینێتەوە. زۆرجاریش ئەو وەرگۆڕانە لە یەککاتدا هاوتەریب لەگەڵ بونیادنانی سیستەمی نوێ، لە ئاستی دامەزراوەییدا بریتیدەبێت لە قوڵکردنەوەو چەسپاندنی بنەما دیموکراسییەکان .

بەشێوەیەکی گشتی چەمکی وەرگۆڕانی دیموکراسی یەکێکە لەو چەمکە سەرەکیانەی ژیانی ڕامیاری بەگشتی و ژیانی ڕامیاری نوێ و هاوچەرخ بەتایبەتی کە پێناس و ناساندنی زانستیانەی زۆری بۆ کراوە و بۆتە جێگەی سەرنجی هزرمەندان و زانایانی زانستە ڕامیاریی و کۆمەڵناسی ڕامیارییەوە، لەوانەش ئەو پێناسەیەی کە دەڵێت ئەو "ئاماژەو دەستەواژە زارەکیەیە کە گوزارشت لە قۆناغی گواستنەوە لەنێوان سیستەمێکی نادیموکراتی دەکات بۆ سیستەمێکی کراوە و دیموکراسیی، ئەو قۆناغە ڕاگوزەرە وێستگەیەکی سروشتییە بۆ پەڕینەوە لە دیاردە و دۆخێکی نادیموکراسییەوە بۆ دیموکراسی و هەمو سیستەم و دەوڵەتێك بەپێی پێدراوەکان دەبێت بەخۆیەوە ببینێ (البدوي، ٢٠٢١، ٥٨)

پێناسەکردنی ئەو چەمکە و ڕاڤەکردنی ڕەهەندە جیاوازەکانی زاراوەی وەرگۆڕانی دیموکراسیی لەنێوان بیرمەندان وەك یەك نییە و هەر یەکێك لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە لێیدەڕوانێت، لە دیدگای (فیلیب شمیتەر)دا پێناسەی ئەو چەمکە بەم شێوەیەکراوە، کە "پرۆسەی پراکتیزەکردنی بنەماکانی دیموکراسییە لەناو دامەزراوەکان کە پێشتر جێبەجێنەکراون یان لەناو هاووڵاتیانو تاکەکان کە پێشتر پەیڕەوییان لێنەکردوە"، هەرچی (ساموێل هانتیگتۆن)ە ئەوا پێناسەیەکی تری ئەو چەمکە هەیە کە بریتییە لە "درامایەکی سیاسیی ئاڵۆز کە کۆمەڵە و گروپە سیاسییە ناکۆکەکان لەنێوان خۆیاندا ململانێ لەسەر دەستڕاگەیشتن بەسەر دەسەڵاتدا و هەر هێزەش لە ژێر تایتڵی دیموکراسی شوێنی خۆی دەکاتەوە، دەرەنجامیش سروشتی ڕکابەرییەکان ئاراستەی سیستەمی سیاسی دەگۆڕن لە سیستەمێکی داخراوەوە بۆ سیستەمێکی کراوە". هەرچی (سلیبا سارسار) وایدەبینێ کە "وەرگۆڕانی دیموکراسیی پرۆسەیەکە دەکەوێتە نێوان دو فۆڕمی جیاوازی سیستەمی سیاسیی کە یەکەمیان دیکتاتۆرییەتەو ئەوی دیکەش دیموکراسیی، کە ئەنجامی کۆتایی بەسەرکەوتنی دوەم و لەبەینچونی یەکەم کۆتاییدێت". (Sarsar 2006 21- 22) لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی ئاماژەمان پێدا دەتوانین گرنگترین ڕواڵەتە سەرەکیەکانی ئەم پرۆسەیە لە دو خاڵدا کورت بکەینەوە:

**یەکەم:** بەسەربردنی کاتێکی زۆر و لەسەرخۆ کە لەوانەیە چەند سەدەیەک بخایەنێت و سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەر بە قۆناغی ڕاگوزەردا بڕوات؛ واتە قۆناغی نادیموکراتیی بەجێهێشتوە و هێشتا نەگەیشتوە بە دیموکراتی.

**دوەم:** بازدانی بەپەلە لە قۆناغی نادیموکراتییەوە بۆ قۆناغی ڕاگوزەر بەرەو دیموکراتی و هاتنەکایەوەی هۆکارەکانی پەیوەندی و تەکنەلۆژی و کرانەوەی بازاڕ و تێکەڵبونی سەرمایەی نەتەوەیی بە سەرمایەی جیهانی.

## قۆناغەکانی وەرگۆڕان بەرەو دیموکراسی

پەیوەند بە پرسی قۆناغەکانی وەرگۆڕان بەرەو دیموکراسیی لەناو پسپۆڕان و تیۆریزانانی زانستی ڕامیاریی و کۆمەڵناسیی ڕامیاری کۆدەنگییەك نییە سەبارەت بە دیاریکردنی خاڵەکانی دەستپێك و کۆتایی، بەڵام زۆرێك لەوانە وایدەبینن کە خاڵی وەرچەرخان و دەستپێکی ئەو پرۆسەیە لە دارمان و شکستی سیستەم و دەسەڵاتە هەژمونخوازەکەوە دەست پێدەکات، لەوبارەوە (د. پیرۆین) چوار قۆناغ لە پرۆسەی وەرگۆڕان بەرەو دیموکراسیی دیاریدەکات، لەوانە(صحراوی،٢٠١٢-٢٠١٣ ١٢-٣٢)

### یەکەم: قۆناغی دارمانی سیستەمی دەسەڵاتخوازیی

بەسەرەتا و دەستپێکی پرۆسەی وەرگۆڕان بەرەو سیستەمێکی نوێ ئەژماردەکرێت، ئەو قۆناغە بەوە دەناسرێتەوە کە پڕە لە خەسڵەتی ململانێ لەنێوان ئاڕاستەی خوازیارانی گۆڕانی سیستەم و ئاڕاستەی پارێزگاران لە سیستەمە کۆنەکە و ئاراستەی سێهەمیش کە میانڕەوەکانن و مەبەستیانە بە هەندێك ڕیفۆرمی سەرەتایی لەسیستەمەکەدا بوەستن.

### دوەم: قۆناغی گواستنەوە بەرەو دیموکراسی

لەو قۆناغە هەستیارەدا دەستەبژێری سیاسیی باڵادەست، ئەوانەی لە دەستەبژێرە سیاسییەکەی سیستەمی دەسەڵاتخوازیین لە ڕواڵەتدا وەهای نیشاندەدەن کە خواستی ڕیفۆرم و چاکسازیی بە پاکێج دەدەن بە کۆمەڵگا و ڕای گشتی و دەستەبژێری نارازی، بەڵام کۆی پرۆژەکانیان بۆ چاکسازیی لە ماکیاژکردنەوەیەك زیاتر نییە ئەوەش لەپێناو هەڵمژینی توڕەیی خەڵك و تێپەڕاندنی فشارەکانی سەر سیستەمەکە، دەشێت لە هەندێك نمونەی سیستەم و دەسەڵاتەکان مەیلێك بۆ چاکسازیی نیشان بدرێت.

لە ڕاستیدا ئەم قۆناغە هەستیار و پڕ مەترسییە، چونکە مەرجی کەوتن و ڕوخانی دەستەڵاتێکی دیکتاتۆری و خۆسەپێن بە واتای ئەوە نایەت قۆناغی وەرگۆڕان بەرەو دیموکراسیی بەرەو بەدیهێنانی دیموکراسیەت هەنگاو بنێت، بەڵکو بە ئەزمون لەناو زۆر سیستەمدا ئەوە سەلمێنراوە، کە بەشێك لە هێزە دیموکراتییەکان جارێکی تر بەرەو دیکتاتۆریەت بگەڕێنەوە، بەپێی سەرچاوە مێژوییەکان هەندێك وەرگۆڕانی دیموکراسی هەیە لە زۆر دەوڵەت هەر زو بەهۆی زۆر هۆکار لە ناوچون ئەمەش بەهۆی بەرگری دەستەبژێری سەربازیی و سیاسیی لەبنەماکانی دەسەڵاتخوازی، یا دۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵگا، لەوانەشە بەهۆی نەبونی دامەزراوەی گونجاو، چونکە نەبونی ئەم بنەمایانە دەشێت پاشەکشە لە دیموکراسیی دروستبکاتەوە.

**سێهەم: قۆناغی پابەندێتی دیموکراسیی**

لەو قۆناغەدا دامەزراوەکانی سیستەمی دەسەڵاتخوازیی کۆن هەڵدەوەشێتەوە و لەجێگەی ئەوان دامەزراوەی نوێ دادەمەزرێ و کەشێکی پڕ لە سازان لەنێوان یاریکەرە سیاسییەکان دێتە کایەوە و ئەو باوەڕە پتر دەچەسپێت کە دیموکراسیی سیستەمێکی نمونەیی و بێ هاوتایە بۆ سەقامگیریی و بەردەوامبونی سیستەم.(سعیفان٢٠٢٢ ١٧-١٨)

**چوارەم: قۆناغی کامڵبونی دیموکراسیی :**

دەکرێت بوترێت کە ئەم قۆناغە باڵاترین قۆناغەکانی وەرگۆڕانە بەرەو دیموکراسیی و پێیدەوترێت(Consolidation) یان (چەسپاندن) کە دو پرۆسەی سەربەخۆ لەیەکتر، بەڵام پەیوەست بە یەکتر لەخۆدەگرێت، کە ئەوانیش (دیموکراسیەتی کۆمەڵایەتی) و (دیموکراسیەتی ئابوری)یە، مەبەست لە دیموکراسیەتی کۆمەڵایەتی بریتییە لە بەشدارییپێکردنی کارایانەی کارەکتەرە نوێیەکان لە پرۆسەی دیموکراسیەکەدا لەوانەش ژنان و لاوان، هەروەها پەیرەوکردنی هاووڵاتیبون لە دامەزراوە سیاسییەکان، کە ئەمانەش بە بەردی بناغەی دیموکراسییەت دادەنرێن (سعیفان٢٠٢٢ ١٨) هەرچی پەیوەستیشە بە دیموکراسیەتی ئابوری ئەوا بریتییە لە هەڵوەستە لەسەر خاوەنداریەتی هاووڵاتیان، تاك و کۆمەڵەکان دەکاتەوە بۆ بەهرەمەندبون لە سەربەخۆیی ئابوریيان ئەوەش لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی مافە ئابورییەکانیانەوە(هەمان سەرچاوەی پێشو)

**توێژینچەی دوەم: وەرگۆڕان بەرەو دیموکراسی و دەستتێوەردانی دەرەکی**

یەکێك لەو فاکتەرە سەرەکیانەی ڕۆڵێکی گرنگی لە پرۆسەی وەرگۆڕانی دیموکراسیدا بینیوە، بریتییە لە فاکتەری دەرەکی، کە ئەم فاکتەرە هاوشان لەگەڵ فاکتەرە ناوخۆییەکاندا توانای لە ڕەنگرێژکردنی سیستەمی سیاسیی لە (داهاتو)دا دەبێت، ڕاوبۆچونی جیاواز لەسەر ئەو پرسە هەیە و پسپۆڕان لە ڕاڤەکردنی شێوازەکانی فاکتەری دەرەکی لە وەرگۆڕانی دیموکراسیی ئاماژە بە (فشارەکانی سیستەمی نوێی جیهان، دەرکەوتنی دیاردەی بەجیهانیبون و ڕەنگدانەوەی بەهاکانی جیهانگیریی لەسەر دەوڵەتان، هەروەك فشارەکانی دامەزراوەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەت دامەزراوە دارایيەکان لە نمونەی بانکی نەختینەی نێودەوڵەتی و ئەو ڕێکخراوانەش کە چاودێری ڕەوشەکانی مافی مرۆڤ دەکات و هانی دیموکراتیزەکردنی

کۆمەڵگا تازە سەرپێخراوەکان لەسەرەکیترین ڕواڵەتەکانن) (توفیق،٢٠١١ ٥) لێرەوە لەبەر گرنگی و بایەخی زۆری هەریەك لەو هۆکارانە بە پێویستی دەزانرێت کە توێژینەوە لە هەر یەکێك لەم هۆکارانە بەجیا بکرێت.

## یەکەم: چەمکی سیستەمی نوێی جیهان:

چەمکی سیستەمی نوێی جیهانی یەکێکە لەو چەمکانەی ژیانی ڕامیاریی هاوچەرخ کە بۆتە جێگەی نرخپێدانی هزرمەندان و شارەزایانی بواری زانستی ڕامیاریی، بۆیە ئەم چەمکە لەلایەن زۆر لە توێژەرانەوە بەمانا و چەمکی جیاواز بەکاردێت، بەڵام لە چوارچێوە گشتییەکەیدا هەمو بەکارهێنانەکان لەیەکترەوە نزیك و بەیەکەوە گرێدراون، هۆکاری سەرەکی ئەم فرەبۆچونییە لە تێگەیشتن لە چەمکەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خێرایی و ئاڵوگۆڕە خێرایانەی خودی دیاردەکەوە، چونکە هەر خودی ئەو بونەی لەژێر تایتڵی سیستەمی نوێی جیهانیدا جێگەی کراوەتەوە لە گۆڕانی بەردەوام و بەریەککەوتنی هەمیشەییدا بوەو تەنها لە سەدەی بیستدا جیهان سێ حاڵەتی بەخۆیەوە بینیوە و لەهەر سێ حاڵەتەکەش ڕوداوگەلی زۆر دروستبون و هاوسەنگی نێودەوڵەتی بەتەواوی تێکچوە، تا دواهەمین مۆدێل و تایپی سیستەمی نوێی جیهانییە کە لەگەڵ کۆتایی جەنگی ساردو باڵادەستی ویلایە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا سەرهەڵدەدات. (حسان،٢٠٢٢ ١٤٤)

بەم شێوەیە ئەم پاشخانە بیریی و ئایدیۆلۆژیەی دەوڵەتە سەرمایەدارییە بەهێزەکانی ناو سیستەمی نوێی جیهان تەنها لەو ئاستەدا نەماوەتەوە، بەڵکو "لە قۆناغگەلەکانی دوای ئەو مێژوەوە لەژێر ناونیشانی بڵاوکردنەوەی دیموکراسیی و هاوکاریکردنی وڵاتانی تازەپێگەیشتو و ڕزگاربوی دەستی دیکتاتۆرییەوە پرسەکە بۆ بڵاوکردنەوەی دیموکراسیی و بەدیموکراتیزەکردنی دەوڵەت و پەیڕەوکردنی ڕێکارە دیموکراسییەکان گۆڕاوە، لەو پێناوەشدا زۆر دەوڵەتی جیهان کە لەژێر هەژمونی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و ستەمکاریی ڕزگارییان بوە لەلایەن بەهێزەکانی سیستەمی نوێی جیهانییەوە هاوکاریکراون و لە ڕێگەی ئەو فاکتەرە دەرەکییەوە دەوڵەتگەلێك توانیویانە قۆناغی ڕاگوزەری دیموکراسیی تێپەڕێنن و بگەنە ئاستێکی تری هەڵکشاوی دیموکراسیی"، بەڵام ئەم پرۆسەیە لەدەرەوەی گومان و نیشانەی پرسیار نەبوە، چونکە بەشێکی زۆر لە توێژەرو ناوەندە ئەکادیمییەکان لەبنەڕەتەوە ئاراستەخوازی سیستەمی نوێی جیهان و دەوڵەتە بەهێزەکان دەبەستنەوە بە سروشتی هەڵکەوتەی جیۆسیاسی خودی دەوڵەتەکان خۆیانەوە و لە هەندێك ئاستیشدا ئەو جوگرافیایانە پشتگوێ دەخەن کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەوان نایەتەوە یەک، ئەوەتا (دوغین) لەو باوەڕەدایە کە "سیستەمی نوێی جیهان (لە دواقۆناغەکانیدا) پرۆژەیەکی لیبراڵییە، کاتێک کە لیبراڵیزم بەتەواویی دەگۆڕێت بۆ سیستەمێکی تۆتالیتار، دەستەڵات تیایدا دەگوازرێتەوە بۆ حکومەتێکی جیهانیی پان نیشتمانیی و بەها و نۆرم و نەریت و ڕێسا و یاسا زۆرەملێ و ناچارییە هەم پەسەند و هەم قەدەغەکان بەسەر مرۆڤایەتییدا دەسەپێنێت، لەگەڵ پشتگوێخستنی جیاوازییەکان لە کولتور و شارستانییەکاندا. سیستەمی نوێی جیهان سەربازگە و گرتوخانە و کەمپێکی جیهانییە.". (صاغیة،٢٠٢٢، ٥٩) لەژێر ڕۆشنایی هەردو بیرکردنەوە دەتوانین بڵێین گۆشەنیگای ئایدیۆلۆژی لەهەڵسەنگاندنی سیستەمی نوێی جیهان ڕۆڵێکی زۆر دەبینێت.

## دوەم: دەرکەوتنی دیاردەی جیهانگیریی

کاریگەری چەمکی سیستەمێکی نوێی جیهانی لە گۆڕانکاری دیموکراسی و کێشە دەستورییەکاندا دیارە. ئەم کاریگەرییە لە پەسەندکردنی زۆرێک لە وڵاتانی بنەماکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤدا وەک بنەمای دەستورەکانیان دەردەکەوێت کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری ڕیشەیی لە پێکهاتە سیاسی و یاساییەکاندا. سیستەمی نوێی جیهانی شەفافیەت و بەرپرسیارێتییەکی زیاتر لە حوکمڕانیدا بەهێزدەکات و بەشداری دەکات لە بنیاتنانی دامەزراوەیەکی دیموکراتی بەهێز و برەودان بە سەقامگیری سیاسی، دەبێت بوترێت کە جیهانگیریی (globalization) کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر سیستەمی نوێی جیهانیی

جێهێشتوە، ڕاستییەکەشی جیهانگیریی چەمکێکی فرەڕەهەندی پەیوەستە بەگەردونەوە کە توانای بەیەکەوە گرێدان و لیکنزیکبونەوەی جیهانی هەیە. یان هەر خۆی دەرکەوتەو دیاردەیەکی کەلتوری و ڕۆشنبیرییە، یان قۆناغێکی مێژوییە وەك هەندێك توێژەر بانگەشەی بۆ دەکەن، یا زادەو بەرهەمی شوڕشی زانیاریی و باڵادەستی دەستبەسەراگرتنی جیهانە لەلایەن ڕۆژئاواوە.(العانی،٢٠٠٩ ١٠٦-١٠٧) بەواتایەکی دیکە ئایا جیهانگیری تەنها ڕەهەندێکی هەیە و کۆی لایەنەکانی تر ئامرازی بەهێزکردنی ئەو ڕەهەندەن، یاخود چەمکێکی فرەڕەهەندو لایەنەو کۆی ئەم ڕەهەندانە ئەم چەمکە تەواودەکەن.

ڕەنگە پێناسەکەی بیرمەندی ناسراوی عەرەب (محەمەد عابد جابری) لەدیاریکردنی فرەڕەهەندی جیهاگیریی یەکلاکەرەوە بێت کاتێك دەڵێت "سیستەمو سیاقێکە ڕەهەندی ئابوری تێپەردەکات، سیستەمێکی گەردونییە سامان و وەبازارخستن و ئاڵوگۆڕو پەیوەندی دەگرێتەوە، هەروەك چۆن بواری سیاسی و کەلتوری و ئایدولۆژیا و میدیاش لەخۆیدەگرێ".(سمحة،٢٠٠٥، ٤٧)

هەر لەم چوارچێوەیەدا چەمکی جیهانگیری لەڕوی بەکارهێنانەوە چەمکێکی نوێیەو توێژەران لەسەر ئەوە کۆکن کە ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ "وشەی (Gloobal) ی کۆنی ئینگلیزیی کە بەواتای جیهانیی یان نێودەوڵەتی یاخود گەردونیی دێت، زۆرینەی جاریش ئەو چەمکە پەیوەست دەکرێت بە گوندەوە، ناوی ئەو چەمکەش سەرەنجام دەبێتە گوندی جیهانی.(global village) " ئەمەش بەجۆرێك لەجۆرەکان بەواتای "بەدەستهێنانی شتێك دێت کە تایبەتمەندی جیهانی هەبێت، یا چوارچێوە و جێبەجێکردنێکی جیهانی هەبێت" (أبو العلا،٢٠٠٤، ١) واتای ئەم زاراوە لە فەرهەنگی کۆنی فەرەنسیشدا زۆر جیاواز نییە و زیاتر هەڵوەستە لەسەر ڕەهەندە سیاسییەکەی ئەم زاراوەیە دەکات. ماناکەی بەپێی ئەم فەرهەنگە بریتییە لە "بەجیهانیبونی شتێك لەپێناو بەدیهێنانی یەکەیەکی سیاسی جیهانیی، بەوپێیەی جیهانیی واتای گروپگەلێکی مرۆیی یەکانگیر دەگرێتەوهلەم چوارچێوەیەدا، چەمکی جیهانگیری لەڕوی بەکارهێنانەوە نوێیە و توێژەران هاوڕان لەسەر ئەوەی کە بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وشەی کۆنی ئینگلیزی "گلۆبال" کە بە واتای جیهانی یان نێودەوڵەتی دێت. ئەم چەمکە زۆرجار پەیوەستە بە بیرۆکەی گوندێکی جیهانی، و ئاماژە بە "بەدیهێنانی شتێک دەکات کە تایبەتمەندییەکی جیهانی هەبێت یان چوارچێوەیەکی جیهانی هەبێت" بەپێی ئەم فەرهەنگە، جیهانگیری بە واتای "جیهانگیری شتێک بۆ بەدیهێنانی یەکێتییەکی سیاسی جیهانی کە گروپێکی مرۆیی یەکگرتو لەخۆ دەگرێت" دێت.".(یوسف،١٩٩٧ ١)

**سێهەم: فشاری دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکان :**

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکان لە نمونەی بانکی نەختینەی نێودەوڵەتی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە ئاراستەکردنی دەوڵەتانی سەرپێکەوتوی دیموکراسیی و لە ڕێگەی بەخشینی کۆمەك و قەرزی گرێدراو بە پێشمەرجی سیاسیی (الجابری،١٩٩٣ ١٣-١٥) ئەوەی پرۆسەی قەرز و مەرجەکانی فراوانتر کردوە گرێدانەوەی ئەم پێشمەرجانەیە بە چوارچێوە و ڕامیاریەوە، کەوایە چیتر قەرز و کۆمەکە نێودەوڵەتییەکان هەڵگری مانای دۆستایەتی و هاوڕێیەتی نێوان دەوڵەتان نین، بەڵکو هەر خۆیان بونەتە پرسێکی جیاوازتر و لەلایەن پسپۆڕان بەسەپاندنی فۆڕم و نۆرمی ژیانی دەوڵەتانی سەرمایەداری دەچوێنرێت، لە گرنگترین پێشمەرجەکانی ئەم کۆمەك و قەرزانەش ئەمانەی خوارەوەن: (جمال،٢٠٢٣، ١-٥)

1. ناچارکردنی دەوڵەتان بە پەسەندکردنی ڕێگا و ڕێکاری گەشەکردنی ئابوری لەژێر تایپ و شێوەی سەرمایەداری.
2. دەستبەردان لە خەونی سەربەخۆیی ئابوری و پەرەپێدان بەرمەبنای فەلسەفەی ئابوری خۆیان.

3. سەندنەوەی ئازادی بڕیاردانی ئابوری نیشتمانیی و پەیڕەوکردنی شێوازێك لە سیاسەتی ئابوری، کە پارێزگاری لە بەرژەوەندی و سەرمایەی بیانی بکات.

4. ڕەخساندنی ژینگەیەك بۆ گەڕانەوەی وەبەرهێنانی بیانی.

5. پشت بەستن بە ڕەچەتەی سیاسەتی ئابوری سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی سەبارەت بەکەمکردنەوەی قەبارەی خەرجی گشتی و پاڵپشتی حکومەت بۆ سێکتەر و دەروازە خەرجییەکان. (زکی،١٩٨٦ ٦٥)

**چوارەم: فشاری هێزە و کیانە نێودەوڵەتییە گەورەکان**

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەو چوارچێوە و کوتلە نێودەوڵەتییە بەهێزانە کۆمەك و هاریکارییەکان وەك ئامرازی فشار لەسەر دەوڵەتە نادیموکراتیەکان بەکاردێنن بەئاراستەی وەرگۆڕانی دیموکراسیی، هەربۆیە لە بیرۆکەی بەخشینی هاوکارییە داراییەکان وەك چەکێکی سیاسیی دیاردەیەکی نوێ نییە، بەڵام لە چەند ساڵی ڕابردو بە ئەندازەیەکی زۆر باڵا بووەو هەڵکشاوە و بۆتە چەکێکی ستراتیژی گەورەی دەستی دەوڵەتە پێشکەوتوەکان بۆ ملکەچ پێکردن و ناچارکردنی زۆرێك لەدەوڵەتە داخراوەکان بۆ ئەوەی سروشتی خۆیان بەرمەبنای خواستی دەوڵەتە بەخشەرەکان بگۆڕن (أخرون،٢٠٠٥ ٥٥-٦٩)

**پێنجەم: فشاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (نەتەوە یەکگرتوەکان):**

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە عیراقیش فشاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان نەتەوە یەکگرتوەکان لەسەر بوە، بۆیە ڕێکخراوە فەرمییە نێودەوڵەتییەکان لە نمونەی نەتەوە یەکگرتوەکان یان نافەرمییەکانی وەك کۆنراد ئەدیناوەر (KSA)ی ئەلمانی و دامەزراوەی فۆردی (FORD)ی ئەمەریکی لە هاندان و پشتگیرییکردنی دەوڵەتانی تازە پێگەیشتو بۆ ئەوەی وەربگۆڕێن بۆ دەوڵەتی دیموکراسیی ڕۆڵی گەورە دەبینن (حسين لطيف الزبيدى وأخرون،٢٠١٠ ٧١-٧٤)

**شەشەم: جەنگ یان داگیرکاریی دەرەکی:**

لەوێوەیە کە ئەزمونی زۆربەی دەوڵەتانی جیهان ئەوە دوپاتدەکەنەوە کە کۆی ئەو ئەزمونانەی ڕوبەڕوی داگیرکاریی بونەتەوە و دەوڵەتی براوەو داگیرکەر خواستی سەپاندنی دیموکراسیەتی هەبوبێ سەرکەوتو نەبون، ئەمەش بەهۆی ئەو ڕێکارە توندوتیژانەی داگیرکەر سەپاندونی، ئەوا بەسەرێکدا پێچەوانەی ناوەڕۆکی دیموکراسیی بون و بەسەرەکەی دیکەشدا چونکە دەوڵەتی خۆسەپێن پێچەوانەی سروشت و ئاگایی کۆمەڵگەکە مامەڵەیکردوە، بەڵام هەندێکیش لەو باوەڕەدان ئەو ئەزمونە کاتێك سەرکەوتو دەبێت کە داگیرکاریی دەرەکی بتوانێ دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکە بشکێنێ و دەرفەت بۆ کۆمەڵگەکە بڕەخسێنێ کە بەرەنجامی گەڵاڵەبونو فۆرمەلەبونی بیرو ئاگایی دیموکراسیی پێبگات و گەشە بکات. (ماضى،٢٠١٢ ١٨)

**توێژینچەی سێیەم: داڕشتنی دەستوری دیموکراسیی لە سیستەمە پۆست دیکتاتۆرەکاندا**

گۆڕانی سیستەمی ڕامیاری لەژێر هەر ناونیشانێك بێت چ بەرەنجامی پاڵنەرە ناوخۆییەکان یان فاکتەرە دەرەکییەکان، ئەوا دواجار هەردەبێت بۆ پاراستنی خودی سیستەمەکە و دامەزراوەکانی بە قۆناغی داڕشتن یا هەموارکردنەوەی دەستوردا تێپەڕێت، چونکە هەر خودی دەستورە کە توانای پارێزگاریکردن لە بونیادی دەوڵەت و سیستەمە ڕامیارییەکەی دەبێت، ئەمەش ئەو پێویستییە سەرەکیەیە کە قۆناغی ڕاگوزەری دیموکراسیی لە سیستەمە تۆتالیتێرە پۆست دیکتاتۆرییەکان بۆ کۆمەڵگا و پارێزگاریی لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی سیستەمەکە دەستور ڕۆڵی سەرەکی پاراستنی بونیادی دەوڵەت دەبینێت. (دیموکراسییەتی نوێ) وەك چەمک و کردەو فەرهەنگیش، هەروەك بەرمەبنای تیۆری (حکومەتی هاوچەرخی دیموکراتی)ش تا ئەندازەیەکی زۆر گرێدراوی ماف و ئازادییەکانە، خودی وەرگۆڕان لە دیکتاتۆرییەتەوە بۆ دیموکراسیش

هەر گرێدراوی ئەو مافانەیە، کە دواجار لە ڕێگەی دەستورێکەوە کە گەل پەسەندی دەکات بتوانێت پارێزگاریی لە سیستەم و ماف و ئازادییەکانیش بکات، لە سۆنگەی ئەم تێگەیشتنە لە دەستوری دیموکراتی، ئەوا دەشێت کۆڵەکە سەرەکییەکانی دەستورێکی دیموکراسیی لەچەند ئاستێکدا کورت بکەینەوە، لەم پێوەندەدا لەبەر بایەخ و گرنگی کۆڵەکە سەرەکییەکانی ئەو دەستورە لەلایەن گەل یان زۆرینەی گەلەوە پەسەند دەکرێت، بە پێویست دەزانرێت کە لەسەر گرنگترینیان بوەستین بریتیە لەمانەی خوارەوە: (الکیالی عبدلوهاب الاخرون،٢٠١٥ ٢٤٧-٣٠١)

**یەکەم . ئاڵوگۆڕی ئاشتیانە و دیموکراسیانەی دەسەڵات**

دەسەڵاتی سیاسیی دیاردەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیە کە لە جوگرافیایەکی سیاسیی دیاریکراودا چوارچێوەیەك بۆ مرۆڤەکانی دادەنێ و بەرمەبنای یاساو ڕێساکان ماف و ئازادییەکان دیاری دەکات، لەبەرامبەر ئەم وەزیفەو بەرپرسیاریەتییەشدا هاووڵاتی بژاردەی گوێڕایەڵی پەسەند دەکات و دەسەڵاتیش پارێزگاریی لە ژیان و بون و مانەوەیان دەگرێت، بەڵام لە (فیقهی دەستوری)دا ئاراستەی باو لەبارەی چەمك و دیاردەی دەسەڵاتەوە گرێدراوە بە تیۆری سنوردارکردن و لە قاودانی لە چوارچێوەی یاساکاندا، ئەمەش لەپێناو ئەوەی دەسەڵاتەکە وەرنەگۆڕێ بۆ سەرکوتکاریی و دیکتاتۆری و نەبێتە هەڕەشە لەسەر ئازادی و مافەکان، لەپێناو ئەمەش لەو مۆدێلە دەوڵەتەی کە لە هەژمونی دیکتاتۆر ڕزگاری دەبێت و بەرەو کرانەوەو قۆناغی ڕاگوزەری دیموکراسیی دەڕوات، ئەوا پێشمەرجی سەرەکی بریتیدەبێت لە داڕشتنی دەستورێك کە ڕێگە لە خۆسەپاندن و مەیلی گەڕانەوەی دیکتاتۆرییەت بگرێ و دەرفەتی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات بەرێگاو ڕێکاری دیموکراسیی بڕەخسێنێ (اخرون،٢٠٠٢ ٢١)

**دوەم: فرەیی و حوکمی زۆرینە**

یەکێکی تر لە بنەماکانی دەستوری گەل پەسەندکراو لەناو سیستەمێکی وەرگۆڕاو بۆ دیموکراسیدا بریتییە لە دەستەبەریی فرەیی و جیاوازییەکانی ناو سیستەمە، داننان بەجیاوازییەکان لەکۆمەڵگا و مامەڵەکردنێکی تەندروست لەگەڵ فرەیی و جیاوازییەکان، هەروەك مافی ئەو هێزە جیاوازانەش لەبەشداریکردنی ڕاستەوخۆ لە پرۆسەی سیاسیی و دروستکردنی بڕیار پێشمەرجی دەستورێکی دیموکراسییە، ئەمەش بەرمەبنای تێگەیشتنەکەی (محەمەد عابد ئەلجابری) کە دان بەوەدا دەنێت "فرەیی یەکەمینە کە مرۆڤەکان لەسایەیدا دەتوانن جەنگ لە ڕێگەی سیاسەتەوە بکەن و دەستوریش لە ڕێگەی فەراهەمکردنی دیالۆگ و سازانەوە هەموان لەو جەنگە بپارێزێ" (الجابری،١٩٩٩ ١٩٠)

**سێهەم: دەستوری دیموکراسیی و بەهای باڵا**

یەکێکی تر لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی دەستورێکی گەل پەسەندکراو بریتییە لە ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕو هێڵە پیرۆزە نیشتمانییەکان بەجۆرێك کە پەسەندنامەی گشتی کۆمەڵگای لەسەر بێت و نەبێتە سەرچاوەی بەریەککەوتنی ئایینی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی، کە ئەوەش لەوێوە پێچەوانەی ئەمجۆرە دەستورە لە سیستەمە دیکتاتۆرەکان ڕەنگدەداتەوە، دروست لە سیستەمێکی دیکتاتۆریدا چونکە دەستور ڕەنگدانەوەی ویست و مەیلی دەستەبژێری حاکم و حیزبی سەرکردەیە.(اخرون، ٢٠١٥ ٢٣)

**چوارەم: دەستورێکی نیشتمانیی دور لە قوڵکردنەوەی شوناسە لاوەکییەکان**

لەگرنگترین بنەماکانی دەستورێکی گەلپەسەندکراو لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی پۆست دیکتاتۆریدا، بریتییە لە قوڵکردنەوەی شوناسی نیشتمانیی و زاڵکردنیەتی بەسەر ئینتیما و پابەندبونە لاوەکیەکان، چونکە لەبنەڕەتەوە خۆگرێدانەوەی هاووڵاتیانی پێکهاتەکان بە ناسنامە تایبەتییەکەی خۆیان هەمیشە دەبێتە سەرچاوەی سەرهەڵدانی گوتاری بارگاوی بە کینە و هەستی خۆجیایی، ئەگەرچی دیموکراسیی و دەستوری دیموکراسی پارێزگاریی لە هەمو جیاوازییەکان دەکات و ماف

و ئازادیی هەمو پێکهاتەکان دەکات، بەڵام لە ڕێگەی قوڵکردنەوەی شوناس و ناسنامەی نیشتمانییەوە دەوڵەت و سیستەمی دوای سیستەمێکی دیکتاتۆری دیاریدەکات، بۆ ئەوەی توانای بەیەکەوەژیان و کۆبونەوە لەسەر بنەمای هاوبەشی نیشتمانیی ئاسانتر بێت.

**پێنجەم: لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەیەکترو پێویستی هەماهەنگی نێوانیان:**

بنەڕەتی بەهاو بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەیەکتر، وەك تێزێکی سیاسی و یاسایی دەبەستریتەوە بە فەیلەسوفی فەرەنسی (مۆنتیسکۆ)وە، ئەم بنەمایە کە خۆی لەسەر بناغە و دوالیزمی (پسپۆری) و (سەربەخۆیی) دەسەڵاتەکان کاردەکات، ئێستا لە زۆربەی سیستەم و دەستورە دیموکراسیەکانی دەوڵەتاندا ڕەنگدەداتەوە، کە بەجۆرێک لەئاستی یەکەمدا ئەرکەکانی دەوڵەت لەسەر وەزیفە دابەشدەکات (یاسادان، جێبەجێکردن، دادوەری)و لە ئاستی دوەمیش سەربەخۆیی دەدرێتە هەر یەکێکیان بۆ ئەوەی لە دەرەوەی ئەوی دیکە بە ئەرکەکانی خۆی هەستێت، ئەم بنەمایانەش لە یەککاتدا ڕێگەی لە وەرگۆڕانی سیستەم بەرەو دیکتاتۆری و تۆتالیتێر دەگرێ و کەشێك بۆ دیموکراسیەتی ڕاستەقینەش دەڕەخسێنێ، دروستیش ئامانج لە دەستورێکی دیموکراسی لە قۆناغی پۆست دیکتاتۆرییەتدا هەر بەدیهێنانی ئەو پۆڵنبەندییە دەستوریەیە تا دیموکراسییەت و سیستەمیش بپارێزێت.(هەمان سەرچاوەی پێشو ٣٤)

**شەشەم: دەستەبەرکردنی ئازادی و مافەکان**

یەکێك لە پێشمەرجەکانی هەر سیستەمێکی دیموکراسیی پارێزگاریکردنە لە ماف و ئازادیی هاوولاتییەکان، ئەوەی زەمانی پاراستنی ئەو ماف و ئازادیانەش دەکات، دامەزراندنی دەستورێکی دیموکراسی و پێوانەیەکی گرنگیشە لە ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە هەڵسەنگاندنی دەوڵەتانی دیموکراسی. بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتوەکان و پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ (١٩٤٨) و هەردوك پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، مافە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان (١٩٦٦) پانتاییە سەرەکییەکانی هەر دەستورێکی دیموکراسین و دەوڵەتانی ئەندام لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا لە دارشتنەوەی دەستورە نیشتمانییەکانیان دەبێت پابەند بن پێیانەوە.(هاردت،٢٠٠٢ ٢٤٧)

**ئەنجام**

لەکۆتاییدا پشت بەست بەوەی لەم توێژینەوەیەدا خراونەتەڕو، قۆناغی ڕاگوزەری دیموکراسی و گەیشتن بەدۆخی تەواوکاریی دیموکراسی لە ئەنجامی سروشتی دەوڵەت و سیستەمی سیاسی و ناپەبەندی هێزەکان دێت بەدەستور، هەربۆیە دەکرێت گرنگترین دەرئەنجامەکان لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتبکەینەوە:

١-بنەمای دەستوری عێراق ساڵی (١٩٢٥)ی پاشایەتی ئەگەرچی ئامانجی سیاسیەکان بریتیبون لە یەکخستنی کۆمەڵگا و پێکهاتەکانی عێراق، بەڵام نەیتوانی کاریگەری و کاردانەوەکانی لەسەر بە دیموکراسیکردنی عیراق وقوڵکردنەوەی بنەما دیموکراسییەکان هەبێت، چونکە نوسینەوەو داڕشتنەوەی دەستور بە ڕێکارەکاندا تێنەپەڕیوە.

٢-بەرنجامی توێژینەوە لەو باوەڕەداین لەبەرئەوەی ناوەرۆک و بەندەکانی دەستوری (١٩٢٥) بەسەرچاوەی سەقامگیریی ودانان بەفرەیی و بونی ئۆپۆزسیۆن دەزانێت، ئەمانە سەرچاوەی دیموکراسییەت و بنەما سەرەکییەکانن. لەبەرئەوە دەکرێت قۆناغی ڕاگوزەری دیموکراسی هەژماربکرێت.

٣.گەیشتین بەوەی کە لە ساڵی ١٩٢٥، یەکەم دەستوری عێراق لەژێر دەستەڵاتی بەریتانیادا پەسندکرا.

٤.لە ساڵی ١٩٥٨، بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە عێراق خراپتر بو، کە بوە هۆی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ بە ڕێبەرایەتی عەبدولکەریم قاسم. ئەم شۆڕشە بوە هۆی ڕوخاندنی پاشایەتی و ڕاگەیاندنی کۆمار.

٥. ئەگەرچی حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی ڕژێمی پێشوی عیراق لەسەر چەمکی دیموکراسیی و تەوافوقی ڕێکەوتبون لە کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆن لە لەندەن و سەلاحەدین و ئەوانی تر، بەڵام پراکتیزەکردنی ئەو چەمکە لە دوای گۆڕانی ڕژێمی سیاسییەوە کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە و سەردەمی ئەنجومەنی حوکم و قانونی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی ڕاگوزەر و دەستوری هەمیشەیی عێراق لە ٢٠٠٥ دا بە سەرەتای پراکیتزەکردنی ئەو چەمکە هەژمار دەکرێت، بەڵام بەشی زۆری هێزەکان لە ناوەڕۆك و ڕەفتاردا لەو بنەمایانە پەشیمان بونەوە.

٦. فرەیی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی پێکهاتەکانی گەلی عیراق یەکێک لەو هۆکارانە بو کە پاڵنەربو بۆ پەنابردنە بەر دیموکراسیی و یەکتر قبوڵکردن بەمەبەستی گەرەنتیکردنی بەشداریی هەموان لە دروستکردن و دانی بڕیاردا، بەڵام سەرەڕای بون و چەسپاندنی ئەو مافانە لە دەستور، کەچی بەهۆی لاسارییکردن و پشتگوێخستن لەلایەن پێکهاتەی سەردەستەوە، مۆدێلی دەوڵەت گۆڕا و جۆرێکیتر لە زۆرینە بەسەر پرۆسەی سیاسی عێراقدا زاڵبوەوە، کە زۆرینەی تائیفی و شیعەگەراییە، ئەمەش ئاستەنگی بەردەم قۆناغی گواستنەوەی دیموکراسیە.

٧. سەرکوتکاریی سیاسی و قۆرغکردنی دەستەڵات لەلایەن حکومەتەکانی پێشتری عیراقەوە، گرنگترین ئەو پاڵنەرانە بو بۆ ئەوەی پەنابرێتە بەر دیموکراسیی بەمەبەستی دەربازبون لەو تەنگژانەی ئازاریان بە عیراق گەیاندبو، هەروەک بۆ چارەسەرێکی ئاسان بەبێ پەنابردنە بەر توندوتیژیی سیاسی و جەنگی ناوخۆیی، هاوکات توانی ببێتە بنەمایەک بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەریی دابەشکردنی دەستەڵاتەکانەوە، ئەگەرچی ئەو چارەسەرانەی بونە دەرهاویشتەی ئەو دیموکراسیی تەوافوقییە نەیانتوانی سەقامگیریی سیاسی بهێننەدی، چونکە پەروەردەی سیاسی بەعس، تائێستاش وەك بژاردەیەکی سەرەکی لە یادەوەری بەشێکی زۆری کۆمەڵگا ماوە و شوێنکەوتوەکانی فەرمان لەو ستراتیژە وەردەگرن.

٨ تائیفەگەرایی لە عێراق گەورەترین مەترسییە لەسەر دەوڵەت و دامەزراوەو کاروانەکەی بەرەو وەرگۆڕانی دیموکراسی، ناتوانرێت پرۆسەی تەواوکاریی دیموکراسی سەرپێ بخرێت، بەبێ لە قاڵبدان و دورخستنەوەی مەیلگەرایی تائیفی.

٩. ئازادی پێکهاتنی حزب و پارتە سیاسییەکان بە فۆرمی هاوچەرخ لەسەرەکیترین بونیادەکانی بە ئامانجگەیشتنی قۆناغی گواستنەوەیە بەرەو دیموکراسی، بەڵام کلێشەی گشتی پارتە سیاسییەکان لە عێراقی نوێ، هەمان مۆدێلی حیزبە تەقلیدییەکانەو بەم کەرەستە و ڕەگەزانە گواستنەوەی دیموکراسی هێندە ئاسان نایەتەدی.

١٠. لاوازی کەلتوری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە عێراق، لەکاتێکدا زۆربەی ڕێکخراوە مەدەنییەکان کەم ئەزمون و لاواز و ئەمەش کاری کردۆتە سەر خێراکردنی قۆناغەکانی وەرگۆڕان بەرەو دیموکراسی.

١١ چەمکی وەرگۆڕان بەرەو دیموکراسی گوزارشتە لە کۆمەڵگە وێستگە کە گواستنەوە و ئاڵوگۆڕی چۆنایەتی بەسەردا دێت تا گەیشتن بە باڵاترین قۆناغەکانی پێگەیشتنی دیموکراسی، بەجێهێشتنی شوێنەوارەکانی دیکتاتۆریەت بەرەو دیموکراسی پێویستی بەدامەزراوەی دەستوری و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پاك و بێگەرد و دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەستەڵات و فرە حزبی هەیە، بەڵام هێشتا ئەم بنەما و پرەنسیبانە لە کۆمەڵگەی عێراقی بەتەواوەتی نەخەملیون.

١٢. ئەگەری هەیە گرفتەکانی دیموکراسیی تەوافوقی دەرەنجامی بگەڕێتەوە بۆ ئەزمونی سیستەمی سیاسیی تەوافوقی عێراقدا کە نوێیە و ئەو حاڵەتە ڕاگوزەرەی کە سیستەمە سیاسییەکەی پێدا تێدەپەڕێت یان بۆ لاوازیی متمانەی نێوان لایەنە سیاسییەکان بگەڕێتەوە، بەهۆی فاکتەرە مێژوییەکان و کێبڕکێ حزبییەکان و تەنانەت دەستێوەردانە دەرەکییەکانەوە. کە ئەوەش سەرەنجام دۆخێکی ناسەقامگیر دێنێتە کایەوە. بۆیە مەرج نییە ئەو دۆخە ناسەقامگیرەی ئێستا عێراقی تێدایە، مەرج نییە هۆکارەکەی یەک هۆکار بێت لەوانە کە پەیوەست بێت بە دیموکراسیی تەوافوقییەوە.

١٣. دەستوری هەمیشەیی عێراق ڕۆڵی ئەنجومەنی فیدراڵی کەمکردۆتەوە و دەستەڵاتی دامەزراندنی بە ئەنجومەنی نوێنەران و یاسایەکی ئاسایی سپاردوە نەك بەماددەیەکی دەستوری، بەپێی ماددەی (١٣٧) لە دەستوری هەمیشەیی کارکردن بە بەحوکمەکانی ماددەی تایبەت بە ئەنجومەنی فیدرالی دوادەخرێت هەتا دەرچونی بڕیارێك لە ئەنجومەنی نوێنەران پاشان خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی، ئەمەش گەشەسەندن و گەیشتن بە قۆناغی کامڵبونی دیموکراسی پەکخستوە.

## لیستی سەرچاوەکان


لبدوي، محمد طه و اخرون٢٠٢١ مدخل إلى العلوم السياسية، دار فاروس العلمية للنشر والتوزيع، الاسكندرية.

العاني، خليل نوري مسيهر ٢٠٠٩الهوية الإسلامية في زمن العولمة الثقافية، مركز البحوث والدراسات الإسلامية في زمن العولمة الثقافية، مركز البحوث والدراسات الإسلامية.

الجابري، محمد عابد ١٩٩٣ إشكالية الديمقراطية و المجتمع المدني في الوطن العربي، مجلة المستقبل العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، العدد (١٦٧)، كانون الثاني

الكيالى عبدلوهاب الاخرون٢٠١٥ موسوعة السياسية، الجزء الثالث، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت.

أخرون، سعيد زيداني ٢٠٠٢المسالة الديمقراطية في الوطن العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.

الجابري محمد عابد ١٩٩٩اشكاليات الفكر العربي المعاصر، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.

الأسرج، حسين عبدالمطلب ٢٠٢٢تكنولوجيا المعلومات والاتصالات كآلية لتعزيز الديمقراطية وحرية التعبير، مركز المشروعات الدولية الخاصة، تأريخ الزيارة.https://manshurat.org/taxonomy/term/4084

توفيق، سعد حقي٢٠١١ اشكالية النظام الدولي الجديد، مجلة العلوم السياسية، جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية.

حسان، أشرف محمود امين ٢٠٢٢ الموقف النقدي من النظام العالمي الجديد (إمبراطورية العولمة): دراسة في فلسفة أنطونيو نيجري السياسية، كلية الآداب - جامعة الفيوم.

حازم صاغية، وصايا فيلسوف روسى للعالم، جريدة الشرق الأوسط لندنية، الأحد ٢٩ سبتمبر ٢٠١٩.تأريخ الزيارة: ٢٠٢٢/٥/١٨، https://aawsat.com/home/writer/Hazem%20Saageah

هنتنغتون، صموئيل ١٩٩٣ " الموجة الثالثة: التحول الديمقارطي في أواخر القرن العشرين "، ترجمة عبدالوهاب علوب، دار سعاد الصباح.

صحراوي، شهرزاد٢٠١٣ هيكلة التحول الديمقراطي في المنطقة المغاربية – رسالة ماجستير مقدمة لكلية الحقوق والعلوم السياسية – جامعة بسكرة

سعيفان، سمير٢٠٢٢ الديمقراطية السياسية والديمقراطية الاقتصادية، الديمقراطية السياسية :في السياسة، يحرص أصحاب رأس المال والمؤمنون بالنظام الرأسمالي، من سياسيين وباحثين وأكاديميين، على حصر الديمقراطي

سمحة، عمر مصطفى محمد ٢٠٠٥ العولمة الثقافية والثقافة السياسية العربية: برامج الإصلاح الديموقراطي والثقافة السياسية التشاركية في الوطن العربي، رسالة ماجستير غير المنشور مقدمة الى جامعة النجاح الوطنية، كلية الدراسات العليا، نابلس، فلسطين.

محمد حسين أبو العلا، دكتاتورية العولمة، قراءة تحليلية في فكر المثقف، ط١، مطبعة مدبولي، القاهرة، ٢٠٠١.

يوسف، باسل ١٩٩٧حقوق الإنسان من العالمية، الإنسانية والعولمة السياسية، مجلة الموقف الثقافي، العدد، ١٠م، دار الشؤون الثقافية، بغداد.

جمال، وائل ٢٠١١ قرض الصندوق ضد الديمقراطية،،تأريخ الزيارة. https://www.jadaliyya.com/Details/24096

زكي، رمزي ١٩٨٦ أزمة الديون العالمية والامبريالية الجديدة ألاليات الجديدة لإعادة احتواء العالم الثالث، مجلة السياسة الدولية..

وأخرون ف ارنشيسكا بيندا٢٠٠٥ التحول نحو الديمقارطية: الخيارات الرئيسية في عملية التحول الديمقراطي في العراق"، ستوكهولم، المؤسسة الدولية للديمقراطية والانتخابات.

ماضي عبد الفتاح ٢٠٢٢ الجيوش والتحول الديمقراطي، الموقع الجزيرة.

هاردت، نطونيو نيجري، مايكل٢٠٠٢ الإمبراطورية، إمبراطورية العولمة الجديدة، تعريب: فاضل جكتر، مكتبة العبيكان، الرياض.

فريد ابرا دشة، ٢٠١٦، التحول الديمقراطي والحكم الرشيد أي علاقة؟ جدل المقاربات بين التكامل والتناقض في الواقع العربي والاسلامي، تصدرها جامعة محمد بوضياف باللمسيلة مجلة استاذ الباحث للدراسات القانونية و السياسية.

Saliba Sarsar2006: "Quantifying Arab Democracy" Democracy in The Middle East, Middle East Quarterly, Summer.

https://www.annaharar.com/arabic/makalat/annahar-alarabi-authors/13122020053804420

https://www.shorouknews.com/columns/view.aspx?cdate=29092019&id=66fc6c93-59d1-41dc-9ccf-fba5f4a6104b

https://www.shorouknews.com/columns/view.aspx?cdate=09102018&id=ca941531-03ac-49ff-99c9-2985730428c6

https://repository.najah.edu/server/api/core/bitstreams/c5c03834-5e91-464c-92b1-e6fd2a4e398e/conten

https://koha.birzeit.edu/cgi-bin/koha/opac-detail.pl?biblionumber=16999&shelfbrowse_itemnumber=30148

https://www.iasj.net/iasj/search?query=kw:%22%D8%A7%D9%84%D8%AA%D9%86%D8%B8%D9% %22